مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٣

# امارة زعفرانلو الكوردية فى اقليم الخوراسان فى عهد امير رضاقلى خان (١٢٣٤– ١٢٤٨ك/ ١٨١٩– ١٨٣٢ز).

**باحث الاول : م. د. اركان احمد حسن**[١]

**باحث الثاني: أ. م. د. ئاراس عبدالرحمن مصطفى**[٢]

(١)أعدادية احمد مختار جاف، مديرية العامة لتربية الحلبجة، وزارة التربية، أقليم كردستان – العراق؛ طالب الدكتوراه في قسم التأريخ، كلية علوم الانسانية، جامعة رابرين، مدينة رانية، اقليم كردستان – العراق

(٢)قسم التأريخ، كليه علوم الانسانييه، جامعة راپەرين، مدينه رانيه، اقليم كوردستان – العراق.

(1)Arkan.hassan@uoh.edu.iq

(2)aras.abdulrahman@uor.edu.krd

**الكلمات المفتاحية**: خراسان، كرد، خراسان، امارة زعفرانلو، رضا قلي خان.

**كيفية اقتباس البحث**

حسن , اركان احمد , ئاراس عبدالرحمن مصطفى , امارة زعفرانلو الكوردية فى اقليم الخوراسان فى عهد امير رضاقلى خان (١٢٣٤– ١٢٤٨ك/ ١٨١٩– ١٨٣٢ز).,مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية، آذار ٢٠٢٦, المجلد:١٦ ,العدد:٣.

**هذا البحث من نوع الوصول المفتوح مرخص بموجب رخصة المشاع الإبداعي لحقوق التأليف والنشر ( Creative Commons Attribution ) تتيح فقط للآخرين تحميل البحث ومشاركته مع الآخرين بشرط نَسب العمل الأصلي للمؤلف، ودون القيام بأي تعديل أو استخدامه لأغراض تجارية.**

**مفهرسة في Indexed**
**IASJ**

**مسجلة في Registered**
**ROAD**

**The Kurdish Emirate of Za'faranlu in the Khorasan Region during the Era of Mir Raza Quli Khan ( ١٢٤٨-١٢٣٤AH / ١٨٣٢-١٨١٩ CE)**

First Researcher: Assistant Lecturer **Arkan Ahmed Hassan**
Ministry of Education, General Directorate of Education in Halabja, Ahmad Mukhtar Jaf High School, Halabja, Kurdistan Region of Iraq;
Doctoral candidate at University of Raparin, Ranya City, Kurdistan Region, Iraq.
**Arkan.hassan@uoh.edu.iq**

Second Researcher: Assist. Prof. Dr. **Aras Abdulrahman Mustafa**
Department of History, College of Humanities, University of Raparin, Ranya City, Kurdistan Region, Iraq.
**aras.abdulrahman@uor.edu.krd**

**Keywords** : Khorasan, Kurds, Za'faranlu Emirate, Raza Quli Khan

**How To Cite This Article**
Hassan , Arkan Ahmed , Aras Abdulrahman Mustafa , The Kurdish Emirate of Za'faranlu in the Khorasan Region during the Era of Mir Raza Quli Khan (1234-1248 AH / 1819-1832 CE) ,Journal Of Babylon Center For Humanities Studies, March 2026,Volume:16,Issue 3.

**This is an open access article under the CC BY-NC-ND license (http://creativecommons.org/licenses/by-nc-nd/4.0/**

This work is licensed under a Creative Commons Attribution-NonCommercial-NoDerivatives 4.0 International License.

**Abstract:**

The Kurds of Khorasan are an essential part of the Kurdish nation who have lived in the northern Khorasan region for a long time. Identifying a specific date for the presence of the Kurds in the region is not possible; however, during some historical periods, particularly during the Safavid era, the Kurds were either relocated or migrated to this region. After arriving in the region, the Kurds formed some autonomous emirates. The Emirate of Za'faranlu was one of the emirates that played an important role in the region during the Qajar era. The capital of the Emirate was the city of Quchan. Mir Raza Quli Khan was one of the most prominent

Emirs of the emirate who had a significant role and influence in the Khorasan region.

The importance of this research lies in the fact that, to date, no studies have been conducted on the Kurds of Khorasan, particularly the Za'faranlu Emirate. The existing Kurdish literature shows lack of research in this area. Therefore, this study is considered one of the earliest scholarly efforts to examine the Za'faranlu Emirate.

This research investigates the history of the relocation and migration of the Za'faranlu tribe, the Za'faranlu Emirate during the era of Mir Raza Quli Khan and the fate of Mir Khan. The study also examines the military and political role and status of the emirate, as well as its relations with the governors of Khorasan and the Qajar authority in Tehran.

**ملخص:**

الأكراد الخوراسانية، هم جزء من القومية الكردية. وهم ساكنون في شمال اقليم الخوراسان، مع أن ليس بأمكاننا تحديد سنة و وقت محدد لوجود الكورد في إقليم خوراسان، ولكن من الواضح انهم قد هاجروا أو نازحوا الى هذه المناطق في مرحلة معينة في التأريخ، و خاصة في عهد الصفويون، بعد إقامتهم في الاقليم أسسوا الحكم الذاتي. امارة زعفرانلو كانت عاصمتها مدينة قوجان، تعتبر من احدى الامارات في عهد القاجارية كانت دورة بارزة في الاقليم.

اعد امير (رضا قلي خان) احد امراء بارزين للامارة كان يلعب دورا كبيرا في اقليم الخراسان. تكمن اهمية البحث في ذلك حتى الآن ليس هناك بحث أو كتابة علمية على أكراد خوراسان بشكل عام و الامارة زعفرانلو خصوصا، و هناك يظهر فقر كبير في مكتبة الكردية تجاه هذه الموضوع، لذلك قد يعتبر هذا البحث من احدى المحاولات البدائية في البحث عن الامارة زعفرانلو.

هذا البحث قد يبحث عن تأريخ نزوح قبيلة زعفرانلو و هجرتهم، ويبحث عن الامارة زعفرانلو في عهد امير رضا قلي خان و مصير الامير ذاته. تم تقديم دور الامارة و شأنها العسري السياسي و علاقاتها مع ولاة الخراسان و سلطة قاجارية في طهران.

# میرنشینی کوردی زەعفەرانلو لە هەرێمی خوراسان لەسەردەمی میر ڕەزاقولی خان (١٢٣٤– ١٢٤٨ك/ ١٨١٩– ١٨٣٢ز).

**ئەم توێژینەوەیە، بەشێکە لە نامەی دوکتۆرا**

**توێژەری یەکەم: م. ی. ارکان احمد حسن[١]** **توێژەری دووەم: پ. ی. د. ئاراس عبدالرحمن مصطفى[٢]**

Arkan.hassan@uoh.edu.iq

aras.abdulrahman@uor.edu.krd

(١)– ئامادەیی احمد موختار جاف، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەڵەبجە، وەزارەتی پەروەردە، هەڵەبجەی شەهید، هەرێمی کوردستان– عێراق؛ خوێندکاری دوکتۆرا لە زانکۆی ڕاپەڕین، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، بەشی مێژوو، شاری ڕانیە، هەرێمی کوردستان– عێراق.

(٢)– بەشی مێژوو، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان، زانکۆی ڕاپەڕین، شاری ڕانیە، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**پوختە:**

کوردانی خوراسان، بەشێکن لە نەتەوەی کورد و لە باکوری هەرێمی خوراسان نیشتەجێن، هەرچەندە ناتوانرێت ساڵ و کاتێکی دیاریکراو بۆ بوونی کورد لە هەرێمی خوراسان دیاری بکرێت، بەڵام ئەوەی ڕوونە لە چەند قۆناغێکی مێژویی و بەتایبەتی لەسەردەمی سەفەویەکان، ڕاگوێزراون یان کۆچیان کردووە بۆ ئەو ناوچانە. دوای نیشتەجێبوونیان لەهەرێمەکە، دەسەڵاتی خۆبەڕێوەبەریان دامەزراندووە. میرنشینی زەعفەرانلو کە پایتەختەکەی شاری قوچان بووە، یەکێك بووە لەو میرنشینانەی کە لەسەردەمی قاجاریەکاندا ڕۆڵێکی دیاری لە هەرێمەکەدا هەبووە. میر ڕەزاقولی خان یەکێك بووە لە دیارترین میرەکانی میرنشینەکە , ڕۆڵ و کاریگەری دیاری لە هەرێمی خوراسان هەبووە.

گرنگی توێژینەوەکە لەوەدایە کە تا ئێستا هیچ توێژینەوە و نوسینێکی زانستی لەبارەی کوردانی خوراسان بەگشتی و میرنشینی زەعفەرانلو بە تایبەت، ئەنجام نەدراوە و کتێبخانەی کوردی هەژارییەکی زۆری لەوبارەیەوە پێوە دیارە، هەربۆیە ئەم توێژینەوەیە وەك یەکێك لە هەوڵە سەرەتاییەکان بۆ توێژینەوە لە بارەی میرنشینی زەعفەرانلو هەژمار دەکرێت.

لەم توێژینەوەیەدا، باس لە مێژووی ڕاگوێزان و کۆچکردنی هۆزی زەعفەرانلو، میرنشینی زەعفەرانلو لەسەردەمی میر ڕەزاقولی خان و چارەنووسی خودی میر باسی لێوە کراوە، ڕۆڵ و

پێگەی سەربازی و سیاسی میرنشینەکە و پەیوەندییەکانی لەگەڵ والییەکانی خوراسان و دەسەڵاتدارێتی قاجاری لەتاران، خراوەتە ڕوو.

**وشە کلیلیەکان:** خوراسان، کورد، میرنشینی زەعفەرانلو، ڕەزاقولی خان.

**پێشەکی:**

لەسەردەمی قاجار، هەرێمی خوراسان یەکێك بووە لە ویلایەتە گەورە و کاریگەرەکان لە ڕۆژهەڵاتی ئێران و سنورێکی فراوانی هەبووە، لە قۆناغە جیاوازەکانی مێژوودا، نشینگەی چەندین نەتەوەی جیاواز بووە کە بەشێکیان لە سەردەمە جیاوازەکاندا ڕوویان لەو ناوچانە کردووە. گەلی کوردیش یەکێکە لەو گەلانەی کە لە خوراسان نیشتەجێ بوون، بەگشتی کوردانی خوراسان، بەشێکن لە نەتەوەی کورد و لە باکوری خوراسان نیشتەجێن. هەرچەندە ناتوانرێت ساڵ و کاتێکی دیاریکراو بۆ بوونی کورد لەم هەرێمە دیاری بکرێت، بەڵام ئەوەی ڕوونە، کورد لەچەند قۆناغێکی مێژوییدا، ڕاگوێزراون یان کۆچیان کردووە بۆ ئەو هەرێمە.

کوردانی خوراسان خاوەن مێژوویەکی دێرین، ڕێژەی دانیشتووانی زۆر، جوگرافیایەکی فراوان و دەسەڵاتی خۆبەڕێوەبەری لەشێوەی میرنشین و ناوچەی فەرمانڕەوایی هەرێمەکە بوون. پێش دامەزراندنی حکەمەتی قاجار، میرنشینی زەعفەرانلو، سنوورێکی فراوانی هەرێمی خوراسانی بەڕێوەبردووە و تا کۆتایی دەسەڵاتی قاجاری بەردەوام بووە. ڕەزاقولی خان، یەکێك بووە لە میرە دیارەکانی میرنشینەکە و ڕۆڵ و کاریگەری دیاری لە هەرێمەکەدا هەبووە. لەگەڵ ئەوەشدا، تا ئێستە نووسین و توێژینەوە بە زمانی کوردی، لەبارەی کوردانی خوراسان و میرنشینی زەعفەرانلو ئەنجام نەدراوە.

**گرنگی توێژینەوەکە لەوەدایە** کە یەکێك دەبێت لەو توێژینەوە زانستییە سەرەتاییانەی کە بە زمانی کوردی لەسەر کوردانی خوراسان– میرنشینی زەعفەرانلو لە سەردەمی میر ڕەزاقولی خان ئەنجام دراوە. سەرەڕای ئەوەی کە توێژینەوە بە زمانەکانی دیکەش لە بارەی کوردانی خوراسان، ئێجگار کەمە، بەڵام لەلایەن هەندێك لە توێژەرانی کوردی خوراسان لەوانە: کەلیموڵای تەوەحودی، عەلی ڕەحمەتی، ...هتد، بە زمانی فارسی ئەنجام دراون و تارادەیەکی باش توانیویانە بەشێکی دیار لە مێژوی گەلی کورد لە هەرێمی خوراسان تۆمار بکەن.

**پرسیاری سەرەکی** توێژینەوەکە ئەوەیە کە ئایا مێژوی ڕاگوێزان و کۆچی هوزی زەعفەرانلو بۆ هەرێمی خوراسان، بۆ چ سەردەمێك دەگەڕێتەوە؟ میرنشینی زەعفەرانلو لە کوێ و لەچ ناوچەیەك دامەزراوە و میرەکانی چ کەسانێك بوون؟ میر ڕەزاقولی خان کێیە؟ ڕۆڵ و پێگەی میرنشینەکە



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 3
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

لەسەردەمی میر ڕەزاقولی خاندا، چۆن بووە؟ پەیوەندییەکانی لەناوخۆی بنەماڵە، میر و فەرمانڕەوا ناوچەییەکان، والی خوراسان و شای قاجار و هێزە نێودەوڵەتییەکان چۆن بوو؟

**ئامانجی توێژینەوەکە،** خۆی لە وەڵامدانەوەی پرسیاری سەرەکی توێژینەوەکە دەبینێتەوە ئەویش بە خستەڕووی زانیاری پێویست دەربارەی مێژووی نیشتەجێبوونی هۆزی زەعفەرانلو لە خوراسان، دروستبوونی میرنشینەکە و ناساندنی میرەکانی. ژیان و بەمیر بوونی ڕەزاقولی خان، پەیوەندییەکان، پێگە و ڕۆڵی میرنشینەکە و کاریگەریی لە گۆڕانکارییە سەربازی و سیاسیەکانی هەرێمەکە لەسەردەمی میر ڕەزاقولی خان.

**ڕێبازی لێکۆڵینەوە،** لەم توێژینەوەدا سود لە ڕێبازی وەسفی (پەسنی)- تحلیلی (شیکاری) وەرگیراوە بە کۆکردنەوەی زانیاری لەنێو دەستنووس، یادداشت، گەشتنامە و سەرچاوەکان و پاشان تۆمارکردن و شیکارکردنیان بەپێی پێویست.

**سەرچاوەکانی توێژینەوەکە،** لەڕاستیدا جگە لە زمانی فارسی، سەرچاوەی تایبەت بە کوردانی خوراسان و میرنشینی زەعفەرانلو، ئێجگار کەمە توێژینەوەش لەو بارەیەوە ئەنجام نەدراوە، بۆیە زیاتر سود لەسەرچاوە فارسییەکان وەرگیراوە، وەك: دو کتێبی دەستنووسی مێژونووسانی سەردەمی قاجار کە بریتین لە (گنج دانش) لە نووسینی محەمەدتەقی حەکیم سەڵتەنە و (مطلع الشمس) لە نووسینی ئیعتیماد سەلتەنە، ئەمانە لەمێژونووسانی دەرباری شاکانی قاجار بوون و لەکاتی سەردانیان بۆ خوراسان، باسیان لەو شوێنانە کردووە کە پێیدا تێپەڕیون لە نێویاندا ئەو ناوچانەی کە کوردنشین بوون و چەند زانیارییەکیان لە بارەی کوردەوە تۆمار کردووە.

بەشێکی دیکەی سەرچاوەکان بریتیین لە سەفەرنامەی بیانییەکان کە وەرگێردراون بۆ زمانی فارسی، وەك: سەفەرنامەی (بارنز) کە سەفەری بۆ ئێران و ناوچەی خوراسان کردووە و ئەوەی کە ڕۆژانە سەرنجی ڕاکێشاوە تۆماری کردووە.

بەشێکی دیکەی سەرچاوەکان بریتین لەو کتێبانەی کە لەلایەن توێژەرانی خوراسانی و بە تایبەت خودی کوردەکانی ئەوناوچەیە بە زمانی فارسی نووسراون، کە زانیاری باشیان تێدایە و دەکرێت توێژەران لە توێژینەوەکانیاندا سودیان لێ وەربگرن، دیارترینی ئەو کتێباشەن وەك: (حرکت تاریخی کرد بە خراسان) کە حەوت بەرگە و لەلایەن کەلیمولای تەوەحودی مێژونووسی دیاری کوردی خوراسان نووسراوە، ئەگەر چی ئەم کتێبە پڕ زانیارییە، بەڵام زۆرجار لەبەرگە جیاوازەکاندا، زانیاریەکان زۆر دوبارە دەبنەوە و بەشێوەیەکی فراوان ڕوداوەکان باس دەکات و زۆرجار پشت بە مێژووی زارەکی دەبەستێت. هەروەها کتێبی (بررسی و شناخت ایلات و طوایف

كرد در خراسان) بەرگی دووەم لە نوسینی عەلی ڕەحمەتی کە ئەمیش مێژونووسێکی ئەکادیمی کوردی خوراسانە و لەم کتێبەدا زیاتر باسی لە هۆز، خێڵ، تیرە و بنەماڵەکانی کورد لە خوراسان کردووە و شوێنی نیشتەجێبوونیانی دیاری کردووە. هەروەها لە توێژینەوەشدا، دەتوانین ئاماژە بە توێژنەوەی (طوایف کرد زعفرانلو حافظ شریعت اسلام در مرزهای شرقی و غربی ایران) بکەین کە لەلایەن حسین شاهین فر نووسراوە، توێژەر زیاتر باسی لە ڕۆڵی هۆزی زەعفەرانلو لە پاراستنی سنوورەکانی ڕۆژهەڵاتی ئێران کردووە.

**ناوەڕۆکی توێژینەوەکە** بەگشتی لە چوار تەوەر پێکهاتووە، تەوەری یەکەم باس لە مێژووی ڕاگوێزان و کۆچکردنی هۆزی زەعفەرانلو بۆ هەرێمی خوراسان و دواتر نیشتەجێ بوونیان و دامەزراندنی دەسەڵاتی خۆبەڕێوەبەری لەچوارچێوەی میرنشینی زەعفەرانلو کردووە. لە تەوەری دووەمدا، جەخت لەسەر ژیانی ڕەزا قولی خان لە منداڵییەوە تا بوونی بە میری میرنشینەکە کراوە و تیایدا زانیاری پێویست لە بارەی ئەو ئالەنگاریانە خراوەتە ڕوو کە هاتوونەتە بەردەم ڕەزا قولی خان. تەوەری سێیەمیش تایبەتکراوە بە باسکردنی پەیوەندییە ناوخۆیی و دەرەکیەکانی میرنشینی زەعفەرانلو لەسەردەمی ڕەزاقولی خان لەگەڵ والی خوراسان، شای قاجار، فەرمانڕەواو و میرەکانی هەریمی خوراسان، هەروەها تیشکیش خراوەتە سەر هەڵوێستی هەریەك لە ڕوسیا و بەریتانیا سەبارەت بە میرنشینەکە و خودی میر ڕەزاقولی خان. هەرچی تەوەری چوارەمە کە کۆتا تەوەری توێژینەوەکەیە، باس لە هێرشی سوپای قاجار بەسەرۆکایەتی عەباس میرزای شازادەی جێنشین بۆ سەر میرنشینی زەعفەرانلو کراوە و تیایدا ئاماژە بە هۆکارەکانی دژایەتی قاجاریەکان بۆ میر ڕەزاقولی خان و هێرشکردنەسەر شاری قوچانی پایتەختی میرنشینەکە کراوە.

**گیروگرفتی توێژینەوەکە**، لەڕاستیدا گرفتی سەرەکی توێژینەوەکە، نەبوونی زانیاری و سەرچاوە بوو لەبارەی کوردانی خوراسان بە زمانی کوردی، بەڵام بە بوونی چەند سەرچاوەیەکی فارسی و وەرگرتنی زانیاری پێویست لێیان توانرا بەپێی بەپێویست لەنووسینی توێژینەوەکەدا سودیان لێوەربگیردرێن، لەبەرئەوە ئەو گرفتە کرایە هەلێکی باش بۆ وەرگرتنی زانیاری لەبارەی کوردانی خوراسان و تەنانەت نووسینی ئەم توێژینەوەیەشی لێ بەرهەم بێت، هەرچەندە بەهۆی کەمی زانیاری لەو سەرچاوانەشدا، هەندێك جار و بەناچاری، بۆ کەمترین زانیاری ئاماژە بە سەرچاوەیەك کراوە. هەروەها بەهۆی ئەوەی لەسەرچاوەکاندا بەروارەکان بە شێوەی ساڵی کوچی مانگی و هەتاوی تۆمار کراون و بەهۆی تۆمار نەکردنی ڕۆژ و مانگەکەی، لەکاتی گۆڕین بۆ ساڵی زاینی، ناچاربووین لەگەڵ ساڵی کۆچییەکەدا، ساڵی زاینییش بەو شێوەیەی کە هەیە، تۆمار بکەین.

لەکۆتاییشدا، ئومێدمان ئەوەیە کە توانیبێتمان خزمەتێك بە مێژووی کورد و بەتایبەت مێژووی کوردانی خوراسان کردبێت و لەڕێگای ئەم توێژینەوەیەوە زانیارییمان خستبێتە بەردیدی خوێنەران.

**تەوەری یەکەم:**

**هۆزی زەعفەرانلو، ڕاگوێزان و دامەزراندنی میرنشین لە هەرێمی خوراسان:**

هۆزی زەعفەرانلو بە گەورەترین هۆزی کورد لە هەرێمی خوراسان دادەنرت، لە ژمارەیەك خێڵ پێکهاتووە و بەزۆری سەرقاڵی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری بوون، هەربۆیە بەپێی پێویستی پیشەکەیان، بەشێکی زۆریان کۆچەریی و بەشێکی دیکەشیان نیشتەجێ وون، هەشیانبووە نیمچە کۆچەری و نیمچە نیشتەجێبوون. بەشێوەیەکی گشتی، لە خوراسان لە دەوروبەری شارەکانی قوچان، شیروان، چناران و دەرەگەز بوونیان هەیە(طاهرزادە، ١٣٨٣، ٧٤).

سەربارەت بە ناوی هۆزەکە، چەند بۆچوونێکی جیاواز هەیە، شاهینفەر پێی وایە هۆزی زافرانلی یا زافرانلو کە زەعفەرانلو شیان پێدەگوترێت، لەبنەڕەتدا خێڵێك بوون لە هۆزی گەورەی حەسنانلو یا حەنانلی کە لە ناوچەکانی ملازگرد و دارەتو نیشتەجێ بوون، شا عەباسی سەفەوی ڕایگواستوون بۆ هەرێمی خوراسان (شاهین فر، ١٣٧٠، ٢٢). دواتریش لە شار و ناوچە جیاوازەکانی هەرێمەکە ماونەتەوە و لەدەوری یەکتری کۆ بوونەتەوە و بە زەعفەرانلووە ناسراون (اسکندری نیا، ١٣٦٦، ٧٥).

بەپێێ بۆچوونی مونتەخەبولمولك، یان ئەوەیە ناوەکەیان لە گوندی زەعفەرانی ناوچەی سەبزەواری خوراسان وەرگیراوە، کە بەهۆی بوونی ڕووەکی زەعفەران لەو ناوچەیە، ناوی زەعفەران لەو گوندەش نرابێت و دواتریش ئەو ناوە گوازرابێتەوە بۆ هۆزی زەعفەرانلو، یان بە پێچەوانەوە ناوی گوندەگە لە ناوی هۆزی زەعفەرانلو وەرگیراوە (منتخب الملك، ١٣٩٧، ٥٠)، یان هۆزی زەعفەرانلو لە بنەڕەتدا ناوی زاخوری بووە و دوای ڕاگوێزانیان بۆ خوراسان بووەتە زەعفەرانلو (منتخب الملك، ١٣٩٧، ١٥٤).

لەڕاستیدا، کوردانی هۆزی زەعفەرانلو، دانیشتووانی بنەڕەتی هەرێمی خوراسان نەبوون و بەپێی قۆناغە مێژوییەکان و بەهۆی ڕاگوێزان و بەکۆمەڵ کۆچیان کردووە بۆ هەرێمەکە. لەبنەڕەتدا لە باکوری کوردستان نیشتەجێبوون و بەشێك بوون لە کۆنفدراسیۆنی هۆزەکانی کوردی چەمشگەزەك (اسکندری نیا، ١٣٦٦، ٧٥). شا ئیسماعیلی سەفەوی پێش جەنگی چاڵدێران، ژمارەیەك خێڵی ئەم هۆزەی بەشێوەی پەرتەوازەیی ڕاگوێزاوە بۆ خوراسان لە بنارەکانی زنجیرە چیاکانی شاجیهانی مەرو، شاجیهان و هەزار مەسجد، دەرە دەرونگەری دەرەگەز نیشتەجێی کردوون (رحمتی، ١٣٩٦، ج٢، ١١). شا عەباسی سەفەویش، ژمارەیەکی زۆری کورد بۆ

هەرێمی خوراساناگوێزاوە، دوای ئەوەی ناوچەکانی هیرات، مەرو، مەهنا، چەهچەهە، بارود، نەسا و ناوچەکانی دیکەی ئاخاڵ لە ژێردەستی هێزەکانی ئۆزبەك هەرهێناوە، شاقوڵی سوڵتانی کوردی چەمشگەزەکی کردووە بە فەرمانڕەوای ناوچەکە و نازناوی (میری میران)یشی پێبەخشیوە (حکیم، نسخە خطی، ٣٧٢). میر شاقولی بووەتە یەکەمین فەرمانڕەوای کوردانی قوچان و بەهۆی ئەو جەربەزەیی و لێهاتویەی هەیبووە، لەلایەن شا عەباسی سەفەوی فەرمانڕەوایی ناوچەی (قوچان)یشی پێدراوە (اسدی فر، ١٣٩٦، ١٥٨).

ئیعتیماد سەڵتەنە و حەکیم لە دەسنووسەکانیاندا ئاماژەیان بەوە کردووە کە دوای لاوازبوونی دەوڵەتی سەفەوی و بەتایبەتی لەسەردەمی شا سوڵتان حسین (١٦٩٤– ١٧٢٢ز) کۆمەڵگەی کوردی خوراسان بەشێوەیەکی فەرمی لێك جودا بوونەتەوە و هەردوو هۆزی زەعفەرانلو و شادلو بەشێوەیەکی سەربەخۆ و لەکەناری یەکتری نیشتەجێ بوون و شاری شیروان ناوەندبوونی خۆی لە دەستداوە، زەعفەرانلوکان لە چنارانی سەرو تا چنارانی خوار و لە نزیکی سنوورەکانی بجنورد نیشتەجێ بوون و شاری قوچانیان وەك پایەتەخت دیاریکردووە (اعتماد السلطنە، نسخە خطی، ج١، ١٥٨؛ حکیم، نسخە خطی، ٣٧٢). لەکۆتاییەکانی سەردەمی سەفەوی، هەریەک لە شا تەهماسبی دووەم و نادرقولی خانی دامەزرێنەری زنجیرەی ئەفشار، هەوڵیانداوە لە ڕێگەی ژنوژنخوازییەوە خۆیان لە میر سام بەگی زەعفەرانلو نزیک بکەنەوە و خوازبێنییان لە یەکێك لە کچەکانی کردووە (حکیم، نسخە خطی، ٣٧٤؛ اعتماد السلطنە، نسخە خطی، ج١، ١٦٥). میر سام بەگی زەعفەرانلو، خوازبێنییەکەی نادر قولی بە سوکایەتی بۆ پێگەی خۆی و بنەماڵەکەی زانیوە، بەڵام دوای ئەوەی کە لێهاتووی خۆی نیشانداوە، سام بەگ ڕازی بووە کچەکەی خۆیی لێ مارە بکات و محەمەدقولی خانی کوڕی کە دەبێتە ژنبرای نادرقولی، وەك سەرۆکی دەستەی پاسەوانە تایبەتەکانی نادر دەستبەکار بووە (اسدی فر، ١٣٩٦، ١٥٨– ١٥٩).

میرنشینی زەعفەرانلو لە سەردەمی میر محەمەدحسەین خان، بە ڕادەیەك بەهێز بووە کە خودی نادر شا بە دەوڵەت ناوی بردووە. مەڕوی، مێژونووسی سەردەمی نادر شا، ئاماژەی بەوە کردووە کە لە وەڵامی نامەیەکی محەمەدحسەین خان کە هۆکاری نزیککردنەوەی سەربازەکانی لە سنورەکانی زەعفەرانلو لە نادر پرسیوە، لەوەڵامدا ئەوەی بۆ ڕونکردووەتەوە کە هاتوون خزمایەتی زیاتر دروست ببێت و ئەم دو دەولەتە (ئەفشار و زەعفەرانلو)، یەکبگرن (مروی، ١٣٦٤، ج١، ٥٩– ٦٠). لەهەمان کاتیشدا، بەهۆی بەهێزبوونی بەردەوامی میرنشینەکە و دەرکەوتنی شاری قوچان وەك ناوەندێکی بەهێزی بڕیاردان لە هەرێمی خوراسان و ملکەچ نەبوونی بۆ بڕیارەکانی نادر شا، پەیوەندییان ئاڵۆز بووە، سەرەنجام نادر بڕیاری لەشکرکێشی بۆسەر شاری قوچان داوە،

ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی کە لە شەوی (یەکشەممە ١١ جەمادی دووەمی ١١٦٠ك/ ٥ حوزەیرانی ١٧٤٧ز)، نادر شای ئەفشار لە ناوچەی فەتح ئابادی نزیك قوچان بکوژرێت و میرنشینەکە لە سوپای نادر شا پارێزراوبێت (مروی، ١٣٦٤، ج٣، ١١٩٣– ١١٩٧؛ اعتماد السلطنه، نسخه خطی، ج١، ١٤٩).

لەسەردەمی قاجاریەکانیشدا، پاشاکان دەسەڵاتێکی ئەوتویان لە بەڕێوەبردنی ناوخۆیی میرنشینەکەدا نەبووە، تەنانەت لەدوای ساڵانی ١٨٥٠ز، میرەکانی زەعفەرانلو وەك داگیرکەر، نەیار و دوژمن مامەڵەیان لەگەڵ بنەماڵەی قاجار کردووە و هەوڵیان داوە بەتەواوی ڕێگری بکەن لە دەستوەردانەکانی حکومەتی ناوەندی لە کاروباری ناوخۆیی میرنشینەکەدا (شاکری، ١٣٤٤، ٦٤). میرەکان شێوازی بەڕێوەبردنی تایبەت بەخۆیان هەبووە کە لە بنەڕەتدا یاسای نەریتی نەنوسراو بوون و دانیشتووانی میرنشینەکە تا ڕادەیەکی زۆر پێوەی پابەند بوون، بەشێکی ئەو نەریتانەش بۆ پاراستنی کەلتوری خەڵکی ناوچەکە و پاراستنی ئاسایش و ئارامی میرنشینەکە بووە، بەشێوەیەکی گشتی، ئەو نەریتانە لەسەردەمی تەواوی میرەکانی میرنشینەکەدا ڕەچاو کراون و بەپێی قۆناغی خۆیان جێبەجێکراون (شاکری، ١٣٤٤، ١٢٩).

کوردانی زەعفەرانلو، ڕێژەی زۆرینەی دانیشتووانی سنوری میرنشینەکەیان پێکهێناوە، بەڵام لە قۆناغە مێژوییەکاندا گۆڕانی بە سەرداهاتووە و ئاماژە بە چەند ژمارەیەکی جیاواز کراوە، لەوانە: ١١٠ هەزار سەردەمی شا سولتان حسین، ٣٠ هەزار خێزان لە سەردەمی شا تەهماسبی دووەم، ٤١٠ هەزار کەس لە سەردەمی نادر شا، ٩٠– ٢٠٠ هەزار کەس لە سەردەمی ناسرەدین شا (رحمتی، ٢٠٢٤، ٤٠٣). ٧ تا ٨ هەزار خێزان لە ساڵی ١٨٧٤ز، ٩٠ هەزار لە ساڵی ١٨٩٢ز، ٥ هەزار خێزان لە ساڵی ١٩٣٦ز (رحمتی، ١٣٩٦، ج٢، ٢٥). هەربۆیە زۆری ژمارەی کورد وایکردووە کە زمانی فەرمی ئاخاوتن لە سنووری میرنشینەکەدا، کوردیی کرمانجی بێت، بەڵام کاریگەری زمانەکانی تورکی و فارسییان لەسەر بووە، ئەمەش وای کردووە نەوە دوای نەوە کاریگەری ئەو زمانانە زیاتر بن و هاوکات لەگەڵ زمانی کوردی، هەریەك لە زمانەکانی تورکی و فارسیش بەکا بهێنرێت، تەنانەت هەندێك لەخێڵەکان، زمانی کوردی لایان کەمڕەنگ بووە و زیاتر بە زمانەکانی تورکی یان فارسی دواون، ئەمەش لەکاتێکدایە کە زمانی نووسینی نوسراوە فەرمیەکان، فارسی بووە. (ترقی اوغاز، ١٣٧٩، ٧٢؛ یوسف زاده، ١٣٨٨، ٣٩).

هەروەها لە بارەی ژمارەی خێڵ و تیرەکانی هۆزی زەعفەرانلو، بۆچوونێکی جیاواز لەنێو سەرچاوەکاندا هەیە، مونتەخەبولمولك لە ساڵی (١٣٠٠ك/ ١٨٨٢ز، سەردانی هەرێمی خوراسانی کردووە و ناوچەکانی بجنورد، گۆگلان و قوچان گەڕاوە و لە گەشتنامەکەیدا ئاماژە بە

٢٨ خێڵی هۆزی زەعفەرانلو کردووە (منتخب الملك، ١٣٩٧، ٧١).کەلیمولڵای تەوەحودی مێژونووسی دیاری کوردی خوراسان لە بەرگی دووەمی کتێبەکەیدا ئاماژەی بە ٣٢ خێڵ کردووە (توحدی، ١٣٦٤، جلد ٢، ١٦٢– ٢٢٣). عەلی ڕەحمەتی مێژونووس و توێژەری دیاری کوردی خوراسان پێی وایە کە هەندێک لەو خێڵ و تیرانەی کە تەوەحودی بە زەعفەرانلو دەیانناسێنێت، لە هۆزە کوردیەکانی دیکەی وەك شادلو و قەراچورلون، بۆیە پێی وایە کە هۆزی زەعفەرانلو لە یەک هۆزی سەربەخۆ، چوار هۆزی نیمچە سەربەخۆ پێکدێت کە بەگشتی لە ٩٥ خێڵ، ١٦٦ تیرە و هەزاران خێزان پێکهاتووە و لە شارەکانی قوچان، بجنورد، مەشهەد، شیروان، مانە و سملقان، نەیشاپور، سەبزەوار، ئەسفەراین، جاجەرم، ڕاز و جەرگەلان، فاروج، چناران، دەرەگەز، کەلات، جوەین و جوغیتای نیشتەجێ بوون (رحمتی، ١٣٩٦، ج٢، ٢٥).

تاهیرزادەش لای خۆیەوە، لەگەڵ ئەوەی دانی بەوەدا ناوکە، جیاوازییەکی زۆر لەنێو سەرچاوەکاندا هەیە، بەڵام ئاماژەی بەوە کردووە کە ١٤ خێڵ وەك خێلی گەورەی هۆزی زەعفەرانلو لە تەواوی سەرچاوەکاندا تۆمار کراون ئەوانیش بریتین لە خێڵەکانی: ١– ئیرانلو، ٢– باجکانلو، ٣– بریمانلو، ٤توپکانلو، ٥– قاچکانلو، ٦– قارمانلو (قەهرمانلو)، ٧– کاوانلو، ٨– ورانلو، ٩– هەشت مەرخی، ١٠– ملانلو، ١١– براوانلو، ١٢– رودکانلو، ١٣– بادمانلو، ١٤– ئامارانلو (طاهرزاده، ١٣٨٣، ٧٥).

شیاوی باسە هەر لە سەرەتای دەوڵەتی سەفەوی تا سەرەتای پەهلەوی، چەندین میر بەشێوەی سیستمی میراتی و بنەماڵەیی، میرایەتی میرنشینەکەیان کردووە، دیارترینی میرەکانیش وەك: ١– ڕۆستەم بەگ چەمشگەزەك، ٢– شاقولی سوڵتان، ٣– میهرابخان، ٤– قەرەخان، ٥– سام بەگ، ٦– محەمەدحسەین خان ئیلخانی، ٧– ئەمیرگونەخان، ٩– ڕەزاقولی خان ئیلخانی، ١٠– سام خان شوجاع دەولەی یەکەم، ١١– ئەمیرحسەین خان شوجاع دەولەی دووەم (حکیم، نسخه خطی، ٢٧٢)، ١٢– محمدناسر خان شوجاع دەولەی سێیەم، ١٣– خان باباخان موزەفەر سەڵتەنە، ١٤– عەبدلڕەزا خان شوجاع دەولەی چوارەم، ١٥– ئەمیرحەسەن خان شوجاع دەولەی پێنجەم (رحمتی، ١٣٩٦، ج٢، ٢٥؛ بڕوانە پاشکۆی ١).

لێرەدا، بە پشتبەستن بە بەدواداچوونی توێژەر لە نێو سەرچاوە و بەڵگەنامەکان و تەنانەت سەردانی مەیدانی بۆ خوراسان و گەڕان لە زۆربەی شار و هەندێك لە گوندە کوردنشینەکانی خوراسان، دیتن و ناسینی چەندین کەسایەتی و توێژەری دیاری کوردانی خوراسان، ئەگەرچی دان بەوەدا دەنێین کە نوسین و توێژینەوەکانی کەلیمولا تەوەحودی، لەگرنگترین و سەرەتاییترین نوسین و توێژینەوەن لەبارەی کوردانی خوراسان، بەڵام وای دەبینین کە بەهۆی ئەوەی علی ڕەحمەتی

خۆی پسپۆڕی مێژووە، نامەی ماستەر و تێزی دوکتۆراکەشی تایبەتە بە نەتەوەکانی خوراسان لەسەردەمی سەفەوی و ئەفشار، چەندین ساڵیش لە فەرمانگەی ڕەگەزنامە و کارتی نیشتیمانی شاری بجنوردی ناوەندی پارێزگای خوراسانی باکور کاری کردووە و چەندین بەڵگەنامەی لە بەردەست بووە و کتێبی لەبارەی نەتەوەکانی خوراسان نووسیوە و بەرگی دووەمی تایبەتە بە هۆز و خێڵەکوردەکان، لە دیمانەیدا لەگەڵ توێژەر، جەختی لە بۆچوونەکەی خۆی کردووەتەوە، بۆیە توێژەر پێی وایە کە دابەشکاریەکانی عەلی ڕەحمەتی، لەبارەی هۆز، خێڵ و تیرەکانی کوردانی خوراسان، وردەکاری زیاتری پێوەدیارە.

**تەوەری دووەم:**

**ڕەزاقولی خان، ژیان و هەوڵەکانی بۆ پاراستنی ئاسایشی میرنشینی زەعفەرانلو:**

ڕەزاقولی خان، کوڕی میر ئەمیرگونەخانی زەعفەرانلووە، لەبارەی ساڵی لەدایکبوونی و تەمەنی منداڵی، زانیارییەکی ئەوتۆ لەبەردەستتدا نییە، بەڵام وەك نزیکترین گریمانە، ساڵی (١٢٠٠ك/ ١٧٨٦ز) وەک ساڵی لەدایکبوونی دیاری کردووە. لە قۆناغی لاویدا، ناوبانگێکی دیاری هەبووە و فەرمانڕەوایی سەربازیی ناوچەکانی قوچان و شیروان و دەوروبەری کردووە (بامداد، ١٣٧١، ج١، ٩٣)، خاوەنی هێز، دەسەڵات، توانا و لێهاتوییەکی زۆر بووە (روحانی ١٣٨٢، ج٣، ٤٧٨؛ اسدی فر، ١٣٩٦، ١٦١). دوو هاوسەری هەبووە، یەکێکیان تورکمان (تقدیسی، ١٤٠٠، ج١، ٢٥) و ئەوی دیکەیان کورد بووە، کوردەکەیان ناوی (شەمس جیهان) و بە (ئاغا بی بی) ناسراو بووە، کچی میر نەجەفعەلی خان و خوشکی میر جەعفەرقولی خانی میرانی میرنشینی کوردی شادلو لە شاری بجنورد لە باکوری هەرێمی خوراسان بووە. کچێك و دوو کوڕی لێی هەبووە، کوڕە گەورەکەی هەر بە ناوی باوکیەوە ناو ناوە ئەمیرگونەخان و بچوکەکەشی ناو ناوە ئەمیرحسەین خان (منتخب الملك، ١٣٩٧، ٨٦).

لەم هاوسەرگیرییانەیدا، لەگەڵ ئەوەی پەیوەندی خزمایەتی و خێزانی لەگەڵ هۆزە تورکمانەکان دروستکردووە، کاریگەریشی هەبووە لە دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ میرنشینی کوردی شادلو، لە ڕووی سیاسیشەوە سودیان بۆ ڕەزاقولی خان هەبووە، چونکە هەریەکە لە تورکمان و کورد، خاوەنی هێز و سوپای زۆر بوون و ڕەزاقولی خان لەگەڵ ئەوەی توانیویەتی تاڕادەیەکی باش خۆی لە مەترسییەکانی ئەو هێزانە بپارێزێت، توانیویشیەتی وەك پشتوانێکی خۆی سودیان لێ وەربگرێت.

لەسەردەمی میر ئەمیرگونەخانی باوکی، ڕەزاقولی یەکێك بووە لە فەرماندە سەربازییە بەهێزەکانی میرنشینی زەعفەرانلو، ئەو هێز و سوپایەی کە هەیبووە، ڕێگەی نەداوە هیچ دەسەڵاتێك سنووری میرنشینەکەی ببەزێنێت، تەنانەت ڕێگری لە هەر دەستوەردانێك لەناوخۆی کاروباری میرنشینەکە کردووە و توانیویەتی سنورەکانی ڕۆژهەڵاتی ئێران لە هێرشی دەرەکی بپارێزیت، لە ساڵی (١٢٢٨ك/ ١٨١٣ز) ڕێگری لە هێرشی خواجە یوسفی کاشغەری و خێڵە تورکمانەکانی ناوچەی مازندەران و باکووری ڕۆژهەڵاتی ئێران کردووە، سەرەڕای کوشتنی ژمارەیەکی زۆریان، ژمارەیەکیشیانی لێ بەدیل گرتوون و ڕەوانەی تارانی کردوون. شازادە محەمەدوەلی میرزا والی خوراسان، لە بری سوپاس و دەستخۆشی، سوکایەتی و بێڕێزی بە میر ئەمیرگونە خان و فەرماندەکانی دیکەی خوراسان کردووە، ئەمەش نیگەرانی کردوون و شۆڕش و ئاڵۆزی لە خوراسان ڕوویداوە. هەرلەسەرەتاوە لە ڕۆژی چوارشەممە (٢٧ی شەعبانی ١٢٢٨ك/ ١٣ ئەیلولی ١٨١٣ز) نارەزایەتی لەنێو کوردانی شارەکانی سەندەر و چەندەر لە ناوچەی فیروزە دروست بووە و تەواوی خوراسان گرتووەتەوە. ئەمیرگونەخانیش کە بەهۆی کەوتنەژێر کاریگەریی ڕەزاقولی خانی کوڕی، دەستی بە شۆڕش کردووە و دەستی بەسەر ڕانمەڕەکانی شازادە لە لەوەڕگاکانی چناران گرتووە و هێناونیەتییەوە بۆ قوچان و بە سەر خەڵکی ناوچەکەدا دابەشی کردووە. لەگەڵ ئەوەشدا خۆی بۆ هێرشکردنە سەر شاری مەشهەدی ناوەندی ویلایەتی خوراسان ئامادە کردووە، بەڵام بەهۆی هاتنی سوپای ئیسحاق خانی قەرایی فەرمانڕەوای تورکی ناوچەکانی توربەتی حەیدەریە بۆ شاری مەشهەد، ئەمیرگونەخان سوپاکەی بۆ قوچان گەڕاندووەتەوە. ڕەزا قولی خان بەم سیاسەتە میانڕەوییانەی باوکی و کشانەوەی هێزەکەی زۆر نیگەران بووە و نارەزایەتی دەربڕیوە، ئەمەش بووەتە سەرەتای دروستبوونی ناکۆکی لەگەڵ باوکیدا. سەرەنجام لە ساڵ( ١٢٢٨ك/ ١٨١٣ز) باوکی دەستگیر کردووە و خستوویەتیە ژێر چاودێری و بەشێوەیەکی کرداری بەڕێوەبردنی کاروباری میرنشینی زەعفەرانلوی لە ئەستۆ گرتووە (توحدی، ١٤٠١، ج١، ٢٢٩- ٢٣٦).

هەر لە سەرەتاوە هەوڵی بەهێزکردنی میرنشینەکەی داوە، فراوانیی دەسەڵاتی بەڕادەیەك بووە کە فەرمانەکانی لە تەواوی هەرێمی خوراسانی گەورە، لە قوچان و مازندەرانەوە بگرە تا شارەکانی هیرات، کابول، قەندەهار و خوارزم جێبەجێکراوە (توحدی، بی تا، ٨٨). عەلائەدین ئەفشار (مدیر دیوان) کە لە سەردەمی میر ئەمیرحسەین خان کوڕی ڕەزاقولی خان ژیاوە، ئاماژەی بە نەگونجاوی ڕەفتاری ڕەزاقولی خان لەگەڵ باوکیدا کردووە، هێزی خۆی سەپاندووە و باوکی لە شاری قوچانی کۆن زیندانی کردووە، دواتر گواستوویەتیەوە بۆ یەکێك لە کۆشکە

تایبەتەکانی خۆی کە لەسەر گردێکی ناوچەی شیروان دروستی کردووە و لەژێر چاودێری خۆیدا هێڵاویەتییەوە. ڕێگای چوونەسەرگردەکە بەشێوەی پێچاوپێچ دروستکراوە و هەندێکجار ڕەزاقولی خان بە سواری ئەسپەوە سەردانی باوکی کردووە. ئەم زیندانی کردنە کاریگەریی زۆرخراپی لەسەر باوکی دروست کردووە و هەمیشە لەهەوڵی تۆڵەسەندنەوە لە ڕەزاقولی خانی کوڕیدا بووە. ڕۆژێک لە کاتی دیدار لەگەڵ کوڕەکەیدا، خزمەتکارەکان میوەیان هێناوە، ئەمیر گونەخان یەك دانە بەهێی هەڵگرتووە و بە توندی هاویشتوویەتی بۆ سەری ڕەزا قوولی خان، بەڵام سەری لاداوە و بەر دیواری ژوورەکە کەوتووە. دوای ئەو دانیشتنە ڕەزاقولی خان فەرمانی کردووە باوکی بخەنە ژێر چاودێری توند و ڕێگری کردووە لەوەی هیچ جۆرە پەرستارییەکی بکرێت، ئیتر دوای ئەوە لە گۆشەی زینداندا ماوەتەوە و پرچ و ڕیشی سپی و درێژ بوون، سەرئەنجام بە هۆی فشار و نارەحەتییەکی زۆرەوە لە ساڵی (١٢٣٤ك/ ١٨١٩ز) زینداندا کۆچی دوایی کردووە (شاکری، ١٣٤٤، ٩٥).

ڕەزاقولی خان، دوای مردنی باوکی بەشێوەیەکی فەرمی و بە فەرمانی فەتحعەلی شای قاجار کراوەتە میری میرنشینی زەعفەرانلو، ئەویش حسەینقولی خانی کوڕی وەك فەرمانڕەوای شاری شیروان دیاری کردووە (قصابیان، ١٣٨٩، ١٢٤). ڕەزاقولی خان بەڕادەیەك بەهێز بووە کە مەهدی بامداد لە چەندین شوێندا، میر ڕەزاقولی خانی بە زۆر بەهێز، بەهێزترین، بەتواناترین، دەسەڵاتدارترین، گەورەترین و گرنگترین میری ناوچەی خوراسان ناو بردووە (بامداد، ١٣٧١، ج١، ٩٣، ٣٣٣، ٤٠٤، ج٢، ٢٥، ٢٦٧). لەدوای خۆی، دوان لە کوڕەکانی بە ناوی سام خان و ئەمیرحسەین خان بوونەتە میری میرنشینی زەعفەرانلو (حکیم، نسخه خطی، ٣٧٢).

میر ڕەزاقولی خان لەسەردەمی خۆیدا، تا ڕادەیەك گرنگی بە بواری ئاوەدانی داوە، بەهۆی ئەو هێرش و مەترسییە بەردەوامانەی کە لەسەر میرنشینەکە هەبووە، لەسەرەتاوە گرنگیی زیاتری بە بواری سەربازی داوە. بەمەبەستی پاراستنی شار و گوندەکانی سنوری میرنشینەکە، چەندین قەڵای سەربازیی گەورە و بچوکی دروستکردووە، قەڵا و شورای بەهێزی بە دەوری قوچانی پایتەختدا دروستکردووە و لەدەوری قەڵا و شوراکانیش خەندەقی هەڵکەندووە، ئەمەش تاڕادەیەکی زۆر هاوکاری کردووە لە ڕووبەڕووبوونەوەی هێرشی بیانی (نظری، ١٣٩٤، ٢٦). قەڵا سەربازییەکانی قوچان، گوندی چپانلوی شیروان و قەڵای ئەمیر ئابادی چناران لە دیارترین قەڵا گەورە و بەهێزەکان بوون (تقدیسی، ١٤٠٠، ج١، ٢٩). هەروەها بە مەبەستی پاراستنی ئاسایشی گوندەکانیش، لەچەند گوندێکدا قەڵای بچوکی دروستکردووە کە قەڵای گوندی عەلی

ئاوا لە دیارترینی ئەو قەڵایانەیە کە قولەی هەبووە و خەندەقێکی گەورەش لە دەوری دیوارەکانیدا هەڵکەندراوە (اعتماد السلطنە، نسخە خطی، ج١، ١٤٧، ١٤٨).

قەڵای ئەمیرئابادی چناران یەکێکە لە قەڵا سەربازییە بەهێزەکانی میرنشنی زەعفەرانلو کە لەسەردەمی ڕەزاقولی خان لە ماوەی هەشت ساڵ و لەسەر شێوەی قەڵا جەنگییەکانی ئەورووپا لە نزیک شاری چناران دروستکراوە، بەهۆی بەهێزیی قەڵاکەوە، هیچکەس گومانی نەکردووە کە ڕۆژێک لە ڕۆژان بتوانرێت لە لایەن هیچ سوپایەکەوە داگیربکرێت. بەشێکی زۆری ئەو گەڕیدە و مێژونووسانەی سەردانی ناوچەکە و ئەو قەڵایەیان کردووە، باسیان لێوە کردووە و سەرسام بوون بە شێوازی دروستکردن و بەهێزیی قەڵاکە. تەقدیسی لە باسی قەڵای ئەمیرئاباد دا، ئاماژەی کردووە کە ١٠ فەرسەخ (٦٠ کیلۆمەتر) لە شاری مەشهەدەوە دوورە و بە قەڵایەکی زۆر بەهێز ناوی هێناوە. پانی دیوارەکانی ٩ زەرعی تەواو بووە. لە چواردەوری خەندەقی پان و قووڵ هەڵکەندراوە و پڕ کراون لە ئاو، هەموو شێوازێکی نوێی ئەو کاتەی قەڵای جەنگی تێدا بە کارهێنراوە. بەشێک لە هۆزی زەعفەرانلو کە تەواو وەفاداری میر ڕەزاقولی خان بوون و نزیک بە دوو هەزار کەس بوون لەگەڵ ٣٠٠ چەکداری لێهاتووی نیشانەشکێنی شارەزا کە دەیانتوانی لە شەوی تاریک و لە مەودایەکی دوورەوە بەباشی نیشانەکانیان بپێکن، لە قەڵاکەدا نیشتەجێکراوون (تقدیسی، ١٤٠٠، ج١، ٢٩- ٣٠). قەڵاکە سەرباری بەکارهێنانی بۆ بواری بەرگری، وەك کۆگایەکی سەربازیش بەکارهاتووە و کەلوپەلە سەربازییە زیادەکانیشی تێدا هەڵگیراوە (نظری، ١٣٩٤، ٢١).

بارنز ئەفسەری سوپای بەریتانیا و ئەندامی ئەنجومەنی سەڵتەنەتی بەریتانیا و نوێنەری کۆمپانیای هیندیی ڕۆژهەڵاتی، لەکاتی هێرشەکانی سوپای قاجار بۆ سەر قوچان لەساڵی (١٢٤٨ك/ ١٨٣٢ز) لە خوراسان بووە و دوای مانگێك سەردانی قوچانی کردووە و قەڵای ئەمیرئابادی بە قەڵایەکی بەهێزی سەربازی ناوبردووە کە کەوتووەتە ناوچەی چناران، هەروەها لە باسی بەهێزیی شورا و قەڵای سەربازیی قوچان، ئاماژەی بەوە داوە، قەڵاکە چەند قولەی پاسەوانی و چاودێری هەبووە، دیوارەکانی زۆر بەهێز بوون، خەندەقی لە دەور هەڵکەندراوە کە قوڵییەکەی ٣٥ پێ بووە و تا قووڵاییەکەی زیاتر بووبێت، تەسکتر بووەتەوە، پانییەکەشی زیاتر لە ٢٥ پێ بووە و ٨ هەزار سەرباز بەرگرییان لێکردووە، هەر بەهۆی بەهێزی ئەو شورا و قەڵایانەوە بووە کە ڕەزاقولی خان توانیویەتی چەندین ساڵ بەرامبەر سوپای قاجاری بە بەهێزی بمێنێتەوە (بارنز، ١٣٧٣، ٦٤- ٦٥). هەروەها (نیپیە)ی بەریتانی لەسەفەری بۆ خوراسان لە ساڵی (١٢٩٠ك/ ١٨٧٣ز) باسی لە قەڵای ئەمیرئاباد کردووە و ئەوەی خستووەتە ڕوو کە

شێوازێکی تەلارسازیی سەرنجڕاکێشی هەبووە، خەندەقێکی قوڵ و پانی هەبووە و لەهەر سوچێکەوە قولەیەکی دوو رووی پاسەوانی هەبووە کە وردە وردە بەرەو دارمان چووە، ئەوەشی گێڕاوەتەوە کە لە هاوینی ١٢٤٨ك، ١٨٣٢ز، ئەم قەڵایە بۆماوەی شەش هەفتە لەلایەن سوپای عەباس میرزاوە گەمارۆ دراوە، سەرەنجام میر ڕەزاقولی خان ناچاربووە دەروازەکانی قوچان بەڕووی سوپاکەیدا بکاتەوە (طاهری، ١٣٤٨، ١٠٢).

یەکێکی دیکە لە قەڵا سەربازییەکانی ڕەزاقولی خان، قەڵای چپانلو کە دەکەوێتە نزیك شاری شیروان، هاشم صادقی باجگیران بە وردی باسی ئەو قەڵایەی کردووە، کە دەکەوێتە گوندی چپانلو و لە مەودایەکی دووریی کەم لە شاری قوچان لە باکووری ڕۆژهەڵاتی شیروان دروست کراوە، ئەم قەڵایە بۆ بارودۆخی گرنگ و پێویستی بە کارهێنراوە، لەبەهێزیدا بووبوویە مایەی نیشاندانی شکۆ و هێزی میر ڕەزاقولی خان و میرنشینی زەعفەرانلو لە بەرامبەر سوپای دەوڵەتی قاجار و والی خوراسان. دروستکردنی ئەم قەڵایە زیاتر بەهۆی بوونی کەسانی شارەزا و بەهێز لەنێو خێڵی کومکل بووە کە شارەزاییەکی ئێجگار زۆریان لە دروستکردنی قەڵای سەربازیدا هەبووە. ئامانجی ڕەزاقولی خان لە دروستکردنیدا، بەهێزکردنی هێڵی دووەمی بەرگری بووە، واتە ئەگەر لە قەڵاکانی ئەمیر ئابادی چناران و قوچان شکستی خوارد، ئەوا ڕووبکاتە قەڵای چپانلو و بتوانێت لەوێ خۆی بگرێتەوە و بەرگرییەکی بەهێز بکات. قەڵاکە لە زەوی موڵکیی شەعبان بەگی سەرۆکی خێڵی کومکل دروستکراوە، قۆناغەکانی دروستکرنی لەلایەن خودی ڕەزاقولی خانەوە چاودێری کراوە و بەردەوام سەردانی ناوچەکەی کردووە و لەگەڵ ئەندازیارەکانی ئەو کاتەدا نەخشەکەی دارشتووە. قەڵای چپانلو بەشێوەی چوارگۆشە لەسەرە ڕووبەری زەوی ٦٠٠٠مەتر چوارگۆشە دروستکراوە، پانی دیوارەکانی ٣ مەتر و بەرزییەکەی ٧ مەتر بووە، لە هەر چوار گۆشەی قەڵاکەوە بە دوو نهۆم و بەرزی ٩ مەتر، قولەی پاسەوانیی دروست کراوە و چێوەی هەریەکەیان شەش مەتر بووە. قەڵاکە دوو دەروازەی هەبووە، دەروازەی باکوور ڕوو بە جەنگەڵ و دەروازەی باشوور ڕوو بە قیبلە بووە، دەرگای دەروازەکانیش لە داری گوێز و زۆر بە بەهێزی دروست کراون. لەناو قەڵاکەشدا چەندین ژووری تێدا بووە بۆ حەوانەوەی فەرماندە و سەربازەکان، کۆگای عەلەف و ئەسپ و چێشتخانەی تێدا بووە، شوێنی مانەوەی ئەسپەکان بۆ زستان و هاوینیش ئامادە کراوە، بەشی یەک ساڵ ئالفی ئاژەڵەکانی تێدا هەڵگیراوە، چوار حەوزی ئاو و چوار تەنووری نانکردنی تێدا بووە. هەرچەندە لە سەرچاوەکانیشدا ئاماژە بەوە کراوە کە ئەم قەڵایە لە لایەن ئەندامانی خێڵی کومکل و گوندەکانی دۆڵی ئۆغاز و سەرحەد لە ماوەی ٧٠ ڕۆژدا دروست کراوە و تەواوی خەرجی قەڵاکەش لەلایەن خێڵی

کومکلەوە ئامادە کراوە (صادقی باجگیران، ١٣٨٨، ١٠٣– ١٠٦)، بەڵام لەڕاستیدا، بە پشتبەستن بەوەی کە توێژەر بەشێوەیەکی مەیدانی سەردانی ناوچەکەی کردووە، گفتوگۆی لەگەڵ چەند کەسێکی ناوچەکە و بەتایبەت کەلیموڵای تەوەحودی مێژونووسی کوردی خوراسان – لەماڵی خۆیان لە گوندی ئوغاز– کردووە، پێمان وایە کە دروستکردنی قەڵایەکی لەو شێوەیە و لەناوچەیەکی بەرزی جوگرافیایی لەماوەی ٧٠ ڕۆژدا، زیادەڕەوی زۆری تێدا کراوە، بەڵام دەکرێت ئەوە ئاماژەیەك بێت بەوەی کە لە ماوەیەکی زۆر کەمدا تەواو کرابێت، یان دەکرێت بگوترێت کە سەرەتا تەواوی شوێن و پێداویستییەکانی قەڵاکە ئامادەکراوە، دواتر لەماوەی ٧٠ ڕۆژدا، دیوارەکانی تەواو هەڵچنراون کە بەڕاستی هێشتا ئەوەش زیادەڕەویی تێدایە.

**تەوەری سێیەم:**

**پەیوەندی و ململانێکانی میر ڕەزاقولی خان لەگەڵ والی خوراسان، شای قاجار و فەرنڕەواکانی هەرێمەکە:**

میر ڕەزاقولی خان لەماوەی میرایەتیی خۆیدا، تا ڕادەیەکی زۆر هەوڵیداوە پەیوەندییەکانی لەگەڵ والی خوراسان، شای قاجار، فەرمانڕەوایانی دیکەی هەرێمەکە، هێزە هەرێمی و نێودەوڵەتیەکان بپارێزیت، بەڵام ئەم پەیوەندییانەش بەپێی پێشهاتەکان گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، ئەوەش پەیوەست بووە بە ویستی ڕەاقولی خان بۆ پاراستنی سەربەخۆیی میرنشینەکە و ڕێگری لە دەستوەردانی دەرەکی بەتایبەتی شای قاجار و والییەکانی خوراسان. لەسەردەمی فەتحعەلی شای قاجار، شۆڕش و ناڕەزایەتی لە هەرێمی خوراسان هەبووە، زۆربەی کاتەکان شاری قوچان ناوەندی سەرەکی شۆڕشەکان بووە و لەلایەن میر ڕەزاقولی خانەوە سەرکردایەتی کراون. ڕەزاقولی خان هەر لەدوای دەستگیرکردن و لادانی میرئەمیرگونەخانی باوکی و بەبێ بوونی فەرمانی بەمیربوون لەلایەن شاری قاجارەوە، لە ساڵی (١٢٢٨ك/ ١٨١٣ز) بەدواوە بەشێوەیەکی سەربەخۆ میرایەتی میرنشینەکەی کردووە و گوێی بەفەرمانی والی ویلایەتی خوراسان و تەنانەت شای قاجاریش نەداوە. ئەمەش فەتحعەلی شای قاجار نیگەران کردووە (توحدی، ١٣٧٤، ١٣٠– ١٣١) و لە (١٧ ڕەبیعی یەکەمی ١٢٢٩ك/ ٣٠ مارس ١٨١٤ز) و دواتریش لە (١٢٣٠ك/ ١٨١٥ز) داوای لە ئیسماعیل خانی سەردار فەرمانڕەوای دامغان کردووە شۆڕش و ناڕەزایەتییەکانی ڕەزاقولی خان سەرکوت بکات و ناچاری بکات کە ملکەچی فەرمانەکانی قاجاری ببێت. ئەویش سوپایەکی بەهێز لە جاجەرم و ئەسفەراینەوە ڕەوانەی قوچان کردووە و بۆماوەیەك گەمارۆی شارەکەی داوە، سوپای میرنشینی زەعفەرانلو بەهۆی نەبوونی

چەکی پێویست، بەناچاری بەرەو شاری قوچان پاشەکشەیان کردووە (اعتماد السلطنە، نسخە خطی، ج٢، ص ٣٥٤- ٣٥٥).

هەرێمی خوراسان لە ساڵی (١٢٣٠ك/ ١٨١٥ز) تا ڕادەیەکی زۆر ئاڵۆز بووە. ڕەزاقولی خان بەتەواوی نەیاریی خۆی بۆ ستەم و سەرکوتکارییەکانی شازادە محەمەدوەلی میرزای والی خوراسان دەربڕیوە و شۆڕشی لە دژ ئەنجام داوە. ئیسماعیل خانی دامغانی جارێکی دیکە بە فەرمانی شای قاجار هێرشی کردووەتەوە سەر شاری قوچان و بۆ ماوەیەک گەمارۆی شارەکەی داوە، خودی شای قاجاریش بە ئامانجی ئەوەی لەڕێگەی جاجەرم و ئەسفەراینەوە بڕواتە نێو قوچان، بە سوپایەکەوە بەرەو شارەکە بەڕێکەوتووە، بەڵام ڕووبەڕووی بەرگرییەکی بەهێزیی سوپای میرنشینی زەعفەرانلو بووەتەوە، ناچار بووە داوای ڕێککەوتن بکات، لەم کاتەدا خودی ئەمیر گونەخان میرایەتی میرنشینەکەی گرتووەتەوە دەست و سەردانی فەتحعەلی شای قاجاری کردووە و بەڵێنی پێداوە کە باجی دوو ساڵ بەخزێنەی حکومەت بدات و خودی ڕەزاقولی خانی کوڕی بە ماڵ و منداڵەوە وەک بارمتە ڕەوانەی تاران بکات، بەڵام ڕەزاقولی خان ڕازی نەبووە بڕواتە تاران، بۆیە دیسانەوە پەیوەندییەکانیان ئاڵۆز بووەتەوە (توحدی، ١٤٠١، ج١، ٢٣٩- ٢٤٠).

شازادە محەمەدوەلی میرزا والی خوراسان (١٢١٨- ١٢٣١ك/ ١٨٠٣- ١٨١٦ز) و کوڕی چوارەمی فەتحعەلی شا، ویستوویەتی لەڕێگەی فشار و هێزەوە دەسەڵاتی خۆی بەسەر تەواوی هەرێمەکەدا بسەپێنێت (بامداد، ١٣٧١، ج٢، ٢٥)، لەبەرئەوە ڕەزا قولی خان، بووەتە نەیارێکی سەرسەختی شازادە محەمەدوەلی میرزا و ملکەچی فەرمانەکانی نەبووە (اسدی فر، ١٣٩٦، ١٦١). لەگەڵ ئەوەشدا بەهۆی کوژرانی ئیسحاق خانی قەرایی یەکێك لە فەرماندە دیارەکانی هەرێمی خوراسان لەساڵی ١٢٣١ك/ ١٨١٦ز تەواوی فەرمانڕەواکانی ناوچەکانی دیکەی هەرێمەکە دەستیان بە شۆڕش کردووە، مەترسی هێرشکردنەسەر خودی شاری مەشهەد دروستبووە (هروی، ١٣٧٢، ١). ناچار شازادە لە والییەتی لادراوە، ئەمەش بەهۆی شۆڕش و نارەزایەتیەکانی ڕەزاقولی خان بووە کە فەتحعەلی شای ناچار کردووە لە بری ناردنی هاوکاری بۆی، لە پۆستەکەی لایبردووە (روحانی ١٣٨٢، ج٣، ٤٧٨).

حەسەنعەلی میرزا (شوجاع سەڵتەنە) کوڕی شەشەمی فەتحعەلی شا و برای محەمەدوەلی میرزا، لە ساڵی ١٢٣٢ك/ ١٨١٧ز وەك والی خوراسان دیاری کراوە. تەواوی فەرماندەکانی خوراسان ولەوانەش میر ڕەزاقولی خان، سەردانیان کردووە و بەڵێنی گوێڕایەڵی و پشتیوانییان پێداوە (شاکری، ١٣٤٤، ٩٠). حەسەنعەلی، بەهۆی ئەوەی زاوای میر ئەمیر گۆنەخان و هاوسەری

خوشكی میر ڕەزاقولی خان بووە، پەیوەندییەكی باشی لەگەڵ میرنشینی زەعفەرانلو و خودی میر ڕەزاقولی خان هەبووە، هەربۆیە ڕەزاقولی خان چەند جارێك سەردانی شاری مەشهەدی ناوەندی ویلایەتی خوراسان كردووە و گوێڕایەڵیی خۆی بۆ فەرمانەكانی والی دەربڕیوە (اسدی فر، ١٣٩٦، ١٦٢)، تەنانەت تەواوی دارایی و سامانەكەی خۆشی پێشكەش كردووە، بەڵام والی خوراسان هەموو دارایی و سامانەكەی بۆ گەڕاندووەتەوە (تقديسی، ١٤٠٠، ج١، ٤٩).

لەهەمان كاتیشدا، حەسەنعەلی میرزا بۆ نیشاندانی نییەتپاكی خۆی، لە سەرەتای مانگی جەمادی یەكەمی (١٢٣٢ك/ ١٨١٦ز) لەوكاتانەی كە ڕەزاقولی خان باوكی خۆی زیندانی كردبوو، لەگەڵ شاندێك سەردانی قوچانی كردووە و دوای دروستكردنی پەیوەندی و ئاساییكردنەوەی ئاڵۆزییەكان و بەدیهێنانی ئاشتی، چەند ڕۆژێك دواتر بەیاوەری ڕەزاقولی خان و دوو هەزار جەنگاوەری سوارەی میرنشینی زەعفەرانلو، بەرەو شاری مەشهەد گەڕاوەتەوە. ڕەزا قولی خان، لە ٢٨ی جەمادی دووەم ١٢٣٢ك بەسەرۆكایەتی سوپایەكی خوراسانەوە ڕوو لە شاری هیرات كردووە. بەهۆی ئەو پەیوەندییە باشەی لەگەڵ فەرماندەكانی هیرات هەیبووە، پێشوازییەكی گەرمی لێكراوە و ئامادەییان دەربڕیوە كە گوێڕایەڵی فەرمانەكانی ببن، بەڵام پاش ماوەیەك لە گرتنی هیرات، پەیوەندی لەگەڵ حەسەنعەلی تێكچووە و فەتحعەلی شای ناچار كردووە بە سوپایەكەوە ڕوو لە هەرێمەكە بكات و دوای گەیشتنی بە ئەسفەراین، گەمارۆی شاری قوچان بدات. ڕەزاقولی بەناچاری ڕووی لە شاری شیروان كردووە، فەتحعەلی شا لەو كاتەدا داوا لە شازادە محەمەد تەقی میرزا فەرمانڕەوای بیرجند دەكات كە بە سوپایەكەوە ڕوو لە شیروان بكات و گەمارۆی بدات (توحدی، ١٤٠١، ج١، ٢٤١– ٢٤٢).

دوای توندبوونی گەمارۆكان، ڕەزاقولی خان داوا لە میرزا محەمەد شەفیعی مازندەرانی سەرۆك وەزیران (سەدری ئەعزەم)ی قاجار كردووە كە ڕێگەچارەیەك بۆ ئەم ناكۆكییانە بدۆزێتەوە، ئەویش بە یاوەریی میرزا ڕەزای قەزوینی سەرۆكی دیوانی دەرباری پاشایەتی و چەند كەسێكی دیكە، بەمەبەستی دانوستان سەردانی شیراونیان كردووە و بەڵێنی پاراستنیان بە میر داوە، بەو مەرجەی سەردانی فەتحعەلی شا بكات و داوای لێبوردنی لێ بكات، بەڵام ڕەزاقولی خان بەبیانووی ئەوەی كە شای قاجار زۆر لێی تووڕەیە و مەترسی تۆڵەكردنەوەی هەیە، بەم داوایە ڕازی نەبووە (روحانی ١٣٨٢، ج٣، ٤٧٨).

ئیعتماد سەڵتەنە پێی وایە كە ڕەزاقولی خان ئامانجی دیكەی هەبووە بۆیە نەڕۆشتووە بۆ لای شا و ملكەچبوونی خۆی ڕانەگەیاندووە. هەربۆیە شاری قاجار داوا لە میرزا محەمەد شەفیع سەدری ئەعزەمی قاجار كردووە كە سەردانی ڕەزاقولی بكات و فەرمانی ملكەچ بوونی پێڕابگەیەنێت،

میر پێشوازی لێدەکات بۆ قەڵای شیروان و هەشت ڕۆژ لەو قەڵایەدا ماوەتەوە. دوای گفتوگۆی تێروتەسەل، سەدری ئەعزەم داوا لە میر ڕەزاقولی دەکات کە لەگەڵی بڕواتە خزمەتی شا و دڵنیایی دەداتێ کە لێخۆشبوونی شای بۆ وەربگرێت، بەڵام میر ئامادە نەبووە، هەربۆیە شاندەکە بێ ئەنجام گەڕاونەتەوە و ئاماژە بەوەش کراوە کە لەکاتی گەڕانەوەیان، تەقەیان لێکراوە بەڵام بەرنەکەوتوون (اعتمادالسلطنه، ١٣٤٩، ٦٦)، بەڵام تەوەحودی ئاماژەی بەوە کردووە کە، میرزا شەفیع سەدری ئەعزەمی قاجار لەکاتی گەڕانەوە شیروان لە لایەن خەڵکی قوچانەوە کوژراوە (توحدی، ١٣٧٤، ١٣١– ١٣٢).

دوای ئەوەی کە شای قاجار بەتەوای تێگەیشتووە کە ڕەزاقولی خان ڕازی نەبووە سەردانی بکات، زۆر نیگەران بووە و فەرمانی بە سوپاکەی کردووە تەواوی ناوچە کوردییەکان تاڵان و وێران بکەن. لەهێرشکردنە سەر گوند، شار، کێو و دەشتەکان، بەشێکی زۆری کشتوکاڵ و ئاژەڵی خێڵە کوردەکانیان تاڵان کردووە، ڕەزاقولی خان و کەسایەتیە دیارەکانی زەعفەرانلو، بەپێی وتەی ئەسەدی فەر: "دەیانزانی کە شای قاجار لە بەرامبەر ژن و پارەدا لاوازە"، بە خێرایی و بە نهێنی چەند کەسێکیان ناردووەتە لای شای قاجار و پێشنیاری بڕێکی زۆر پارەیان بۆ کردووە بەومەرجەی هێرشەکان ڕابگرێت، بەهۆی ئەوەی کە ڕێژەی پارە پێشنیارکراوەکە زۆر و بەشێوەی کاش بووە، فەتحعەلی شا ڕازی بووە فەرمانی وەستاندنی هێرش و لیخۆشبوونی ڕەزاقولی خان دەربکات، لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا ڕەزاقولی خان ڕەتیکردووەتەوە سەردانی فەتحعەلی شا بکات، سەرباری ئەوەی زیانێکی زۆر لە ماڵ و سامانی خۆشی کەوتبوو، بەڵام بەڵێنی دابوو کە خۆی تەواوی زیانەکانی خەڵک قەرەبوو بکاتەوە (اسدی فر، ١٣٩٦، ١٦٣).

لەڕاستیدا، لەشکرکێشیی خودی فەتحعەلی شای قاجار بۆ هەرێمی خوراسان لە ساڵی ١٢٣٣ك، دەکرێت لە هۆکارێك زیاتری هەبووبێت، لەوانەش، سەرکوتکردنی شۆڕش و ناڕەزاییەکان و گەڕاندنەوەی ئارامی بۆ هەرێمەکە، یان بەهێزی و فراوانی دەسەڵاتی ڕەزاقولی خان و میرنشینی زەعفەرانلو ترسی لە دڵی شا دروستکردووە. ئەوەشی زیاتر شای نیگەران کردووە، تەقەکردن لە سەرۆك وەزیران یان کوشتنی لەکاتی گەڕانەوە لە دانوستان، نەڕۆشتنی ڕەزاقولی خان بۆ لای شا و ئامادە نەبوون بە داوای لێبوردن و دەربڕینی ملکەچی بووە، لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێت ئەم نەڕۆشتنەش لەبەر ترسی ڕەزاقولی بووبێت لە تۆڵەسەندنەوەی شا یان ئەوەی کە ئامانجێکی دیکەی هەبووبێت و ویستوویەتی جێبەجێی بکات.

دوای ئەوەی ئاسایی بوونەوەی پەیوەندییەکانی ڕەزاقولی خان و حەسەنعەلی خانی، هێشتا نەیتووانی پەیوەندی نێوان ڕەزاقولی و فەتحعەلی شای ئاسایی بکاتەوە، ئەمیرگونەخانی باوکیشی

داواى لە ڕەزاقولى خان كردووە سەردانى شا بكات و داواى لێبوردنى لێبكات، ئەوەشى پێڕاگەیاندووە: "ئەگەر بتكوژێت، ئەوا ناوى حكومەتى ئێران (قاجار) بۆ هەمیشەیی بە ناشیرینى دەمێنێتەوە، ئەگەریش لێت خۆش ببێت، ئەوا تۆ بۆ هەمیشەیی بەبێ ترس دەژیت". بەڵام میر داواى هەمووانى ڕتكردووەتەوە، بەڵام سەرەنجام، شاى قاجار فەرمانى وێرانكردنى قوچان و كۆمەڵكوژكردنى خەڵكەكەى دەركردووە و زیانێكى زۆرى لە پێگەى میر و شارى قوچان و ناوچەكە داوە (شاكرى، ١٣٤٤، ٩٠– ٩١)، بۆیە ڕەزاقولى خان ناچار بووە خۆى نوێنەر بنێرێتە لاى فەتحعەلى شا و داواى لێبوردنى لێكردووە (تقدیسى، ١٤٠٠، ج١، ٢٦)، دەستوديارى و پارەیەكى زۆریشى پێشكەش كردووە (روحانى ١٣٨٢، ج٣، ٤٧٨)، ڕازیش بووە كە چەند كوڕێكى وەک بارمتە ڕەوانەى شارى مەشهەدى ناوەندى ویلایەتى خوراسان بكات (توحدى، ١٣٧٤، ١٣٢).

ئەم هێرشەى سەر میرنشینى زەعفەرانلو لە كاتێكدا بووە كە لە ساڵى ١٢٣٣ك، گەمارۆى قووچان درابوو، حەسەنعەلى میرزا بەمەبەستى ڕێكخستنى ناوچەكە، ڕووى لە توربەت كردووە و نزیكەى ١٥٠٠ كەسایەتى و فەرمانڕەواى ناوچەكەى وەك: حەسەنخانى تەبەسى، محەمەدخان قەرایى، ئەمیرقلیج خان تەیموورى و فەرمانڕەواكانى دیكەى خوراسان و كەسایەتى خێڵ و هۆزە توركمانەكانى سالور، ساروق، سەرەخس، مەرو و گەورە كەسایەتییەكانى یەمرعەلى، عەلى ئێلى، مەهچە، مەهنە، دەرون، نسا، ئەبیوەرد و ئاخاڵ بردبوویە شارى مەشهەد بەمەبەستى بەشدارى لە ڕێوڕەسمى ڕاگەیاندنى گوێڕایەڵى و دەستماچكردنى شاى ئێران لەبەرامبەر بەدستهێنانى فەرمانى لێخۆشبوون (اعتمادالسلطنە، ١٣٤٩، ٨٥).

حەسەنعەلى میرزا بۆ جارى دووەم (١٢٣٩– ١٢٤٣ك/ ١٨٢٣– ١٨٢٧ز) بووەتەوە بە والى خوراسان و ئەمجارەش سیاسەتێكى نەرمى پەیڕەو كردووە، پەیوەندییەكانى لەگەڵ ڕەزاقولى خانى زعفەرانلو ئاسایى كردووەتەوە و فەرمانى لێخۆشبوونى بۆ دەركردووە، بەڵام دواى شكستى سوپاى ئێران بە سەرۆكایەتى عەباس میرزا بەرامبەر سوپاى ڕوس و بەستنى ڕێككەوتننامەى توركمانچاى (٥ شەعبانى ١٢٤٣ك/ ٢١ شوباتى ١٨٢٨ز)، ڕەزاقولى خانى زەعفەرانلو دژى ڕێكەوتنەكە وەستاوەتەوە و سەردانى والى خوراسانى كردووە و پەیامى ناڕەزایى خۆى گەیاندووەتە فەتحعەلى شاى قاجار، لەگەڵ ئەوەى شاى قاجار سەرەتا پەیامى ناڕەزاییەكەى پەسەند كردووە، بەڵام سەرئەنجام ناچار بو واژۆ كردنى پەیماننامەكە بووە (میرنیا، ١٣٦٩، ١٢٢). ڕەزاقولى خان سەردانى مەشهەدى كردووە و داوا لە زانایانى ئایینى و خەڵك كردووە فتواى جیهاد دژى ڕووسەكان بدەن و چەک هەڵگرن. خۆشى ئاڵاى مەزارى ئیمام ڕەزاى لە مەشهەد هەڵكردووە و

خەڵکی لە دەوری خۆی کۆکردووەتەوە، داواشی لە حەسەنعەلی میرزا کردووە کە بگەڕێتەوە تاران و داوا لە فەتحعەلی شای باوکی بکات لە واژۆکەی پەشیمان ببێتەوە. هەروەها عەباس میرزای شازادەی جێنشینیشی بە هۆکاری شکستی ئێران تاوانبار کردووە و داوای لادانی لە جێنشینی و دانانی حەسەنعەلی میرزای وەک شازادەی جێنشین کردووە (توحدی، بی تا، ٨٩).

فەتحعەلی شا بەم هەڵوێستە نیگەران بووە، حەسەنعەلی لە والییەتی لادەدات و عەلی نەقی میرزای کوڕی حەوتەمی لەشوێنی داناوە، بەڵام بەهۆی بێتوانایی عەلی نەقی، ناچاربووە دوای ساڵێك دوبارە شازادە حەسەنعەلی بۆماوەیەك بە والی خوراسان دابنێتەوە (توحدی، ١٤٠١، ج١، ٢٥٢).

دوای بوونی حسەین خانی سەردار بە فەرمانڕەوای خوراسان (١٢٤٣- ١٢٤٥ك/ ١٨٢٧-١٨٢٩ز) ناکۆکی لەگەڵ میر ڕەزاقولی خان بەڕادەیەك توندبووە کە فەرمانڕەوای ناچار کردووە دەستلەکار بکێشێتەوە و لە شوێنی ئەو ئەحمەدعەلی میرزا وەک فەرماندەی خوراسان دیاری کراوە (روحانی، ١٣٨٢، ج٣، ٤٧٨). ئەمەش کاتێك بووە کە حسەین خان لەگەڵ چەند سەرۆک هۆزێکی ناوچەکە ڕێککەوتوون و بە شەش هەزار جەنگاوەرەوە هێرش بکەنە سەر میرنشینی زەعفەرانلو (توحدی، ١٤٠١، ج١، ٢٥٦- ٢٥٧). ڕەزاقولی خانیش لەم کاتەدا نامەیەکی بۆ فەتحعەلی شا ناردووە و ڕایگەیاندووە تەنها لەکاتێکدا ئامادەیە گوێڕایەڵی فەرمانەکانی والی ببێت کە فەتحعەلی شا یەکێک لە شازادەکانی خۆی بکاتە والی خوراسان، شای قاجار بە داواکەی ڕازی بووە و ئەحمەدعەلی میرزای نۆزدەیەمین کوڕی خۆی کردووەتە والی و ڕەزاقولی خانیش گوێڕایەڵی خۆی بۆ دەربڕیوە (شاکری، ١٣٤٤، ٩١؛ بامداد، ١٣٧١، ج٢، ٢٦).

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە بەهێزی میر و فراوانی سنوری دەسەڵاتی میرنشینەکە، کاریگەرییان لەسەر فەرمانەکانی شای قاجار لە هەرێمی خوراسان هەبووە و ناچاری کردووە بە داواکاریەکانی میری زەعفەرانلو ڕازی ببێت.

دوای گەیشتنی والی نوێ، ڕەزاقولی خان پێشوازی لێکردووە و شاری نەیشاپوور و ناوچەکانی دیکەشی پێ بەخشیوە (بامداد، ١٣٧١، ج١، ٩٣)، تەنانەت هاوکاریشی کردووە بۆئەوەی دەسەڵاتی خۆی لە شاری مەشهەد جێگیر بکات، ئەحمەدعەلی میرزا، ڕەزاقولی خانی بانگهێشتی شاری مەشهەد کردووە و تەواوی کاروبارەکانی بەڕێوەبردنی خوراسان و تەنانەت دانانی داروغە، ئەنجومەن و بەڕێوەبردنی ناوچەکانیشی بە ڕەزاقولی خان سپاردووە (تقدیسی، ١٤٠٠، ج١، ٥٧). هاوکات پاراستنی ئاسایشی ڕێگاکانی ناوچەکە و بەتایبەت ڕێگای زیارەتکارانی مەزاری ئیمام ڕەزای لە شاری مەشهەد پێسپاردووە. ڕیازی هەرەوی ئاماژەی بەوە کردووە کە لە ساڵی (١٢٤٦ك/

١٨٣٠ز)بەهۆی هێرشی تورکمانەکانی یەموت لەنێوان مەزینان و میاندەشت بۆ سەر قافڵەیەکی زیارەتکاران، ژمارەیەکیان لێ بە دیل گرتوون، یەکێک لەوانە مەهدی قولی خان (جلال الدوله هندی) کوڕی سەعادەت دەوڵەی برای ئاسف دەوڵەی وەزیر بووە. خودی فەتحعەلی شای قاجار نامەی بۆ ڕەزاقولی خان ناردووە و داوای لێکردووە هەرچۆنێك بووە، مەهدی قولی خان لە تورکمانەکان وەربگرێتەوە و ڕەوانەی تارانی بکاتەوە. ڕەزا قولی خانیش ئەو کارەی ئەنجامداوە (هروی، ١٣٧٢، ٥) و بە ١٠ هەزار تمەن لە تورکمانەکانی کڕیوەتەوە و ناردوویەتیەوە بۆ لای باوکی (اسدی فر، ١٣٩٦، ١٦٣).

شیاوی باسە، بەهۆی ئەوەی مەهدی قولی خان هاووڵاتی بەریتانیاش بووە، (کمبل)ی باڵیۆزی بەریتانیا چەندین نامەی بۆ شازادە عەباس میرزای قاجار ناردووە، ئەویش لە وەڵامدا پێی گوتووە کە دەستبەجێ ڕەزاقولی خانی زەعفەرانلویان ڕاسپاردووە بەدواداچوون بکات و بەوپەڕی توانایەوە کارەکانی ئەنجام بدات (میرزا صالح، ١٣٦٥، ٢٨- ٣٠).

سەرەڕای والی و پاشای قاجار، میر ڕەزا قولی خان هەوڵیداوە پەیوەندی لەگەڵ میر و فەرمانڕەواکانی هەرێمی خوراسان و بەتایبەتی کوردەکان دروستبکات، هەر لەسەرەتاوە نێوانی لەگەڵ میرنشینی کوردی شادلو لە بجنورد هەبووە، لەگەڵ ئەوەی کە هەردووکیان کوردبوون و پەیوەندیی نەتەوەیی لە نێوانیاندا هەبووە، پەیوەندیی خزمایەتی ژن و ژنخوازیشیان دروستکردووە و ژن بە ژنی لەگەڵ بنەماڵەی میر نەجەفعەلی خانی میری میرنشینی شادلو ئەنجامداوە و تا پێش هێرشی قاجار بۆ قوچان، پەیوەندی نێوان هەردوو میرنشین تارادەیەکی زۆر باش بووە و هاوکاری لە نێوانیاندا هەبووە (تقديسی، ١٤٠٠، ج١، ٦٦).

شیاوی باسە لەگەڵ هاتنی سوپای قاجار بەسەرۆکایەتی شازادە عەباس میرزا بۆ خوراسان و هێرشکردنی بۆسەر میرنشینی زەعفەرانلو لە ساڵی ١٢٤٧ك، نەجەفعەلی خانی شادلو پەیوەندییەکی دوو جەمسەری لەگەڵ ڕەزاقولی خان و عەباس میرزا پەیڕەو کردووە، بەڵام سەرەنجام بەهۆی پەیوەندیکردن بەسوپای عەباس میرزاوە، پەیوەندی لەگەڵ میرنشینی و شادلو ڕووی لە ئاڵۆزی کردووە (منتخب الملك، ١٣٩٧، ٨٧، ١٦٠). هەروەها ڕەزا قولی خان پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ مەمش خانی برا گەورەی هەبووە کە بەشێوەیەکی نیمچە سەربەخۆ فەرمانڕەوایی ناوچەی چنارانی کردووە. لە ساڵی ١٢٤٨ك لە کاتی سەرکەوتنی عەباس میرزا بە سەر فەرمانڕەوایانی خوراسان، مەمش خانیش لەگەڵ ڕەزاقولی خانی برای دەستگیر کراوە و دوورخراونەتەوە بۆ بەندیخانەکانی تاران و لەوێ لەژێر چاودێریدا بوون (تقديسی، ١٤٠٠، ج١، ٦٧- ٦٨).

هەروەها بەهۆی هاومەزهەبی بوونییشەوە، ڕەزاقولی خان تارادەیەك پەیوەندی باشی لەگەڵ تورکەکاندا هەبووە، بەشێك لە تورکەکانی ناوچەکانی دەوروبەری شاری مەرو، بەهۆی ئەوەی کە شیعە مەزهەب بوون و بەردەوام لەلایەن ئۆزبەك و تورکمانە سوننە مەزهەبەکانەوە هێرشیان کراوەتەسەر، گواستووەتەوە بۆ قوچان و لەناوچەی عەلیاوای قوچان نیشتەجێی کردوون. ئەڵاوەردی خانی برایشی بەشێك لە تورکە گوێزراوەکانی ناوچەی مەرو و بوخارای لە باکوری شاری شیروان نیشتەجێکردووە و دواتر ناوچەکە بە ئەڵائاوا ناسراوە (توحدی، ١٤٠١، ج١، ٧٢).

**تەوەری چوارەم:**

**هێرشی سوپای قاجار بەسەرۆکایەتی عەباس میرزا بۆ سەر میرنشینی زەعفەرانلو کۆتایی هێنان بە دەسەڵاتی میر ڕەزاقولی خان:**

میرنشینی زەعفەرانلو لە سەردەمی میر ڕەزاقولی خان، بەڕادەیەك بەهێز بووە کە بەپێی وتەی مەلیك شوعەرای بەهار: "پێی نەنگ بووە گوێڕایەڵ و ملکەچی دەسەڵاتدارێتی قاجار ببێت"، هەربۆیە بەردەوام نەیاریی خۆی بۆ هەندێك لە ڕەفتارەکانی والییەکانی خوراسان دەربڕیوە و ناڕەزایی خۆی بە شای قاجار گەیاندووە. زۆرجاریش لە لادان و دانانی والیی خوراساندا ڕۆڵی هەبووە، تەنانەت هەندێکجاریش دەستوەردانی لە کاروبارەکانی خودی شای قاجار کردووە. بەهۆی ئەو دەسەڵات، هێز، سامان، جەنگاوەرە زۆرەی کە هەیبوو، ڕکابەری لەگەڵ فەتحعەلی شا کردووە، ئەمەش هەریەك لە شا و شازادەی بە تەواوی نیگەران کردووە و دەرەنجام بووەتەهۆی هێرشی قاجار بۆ قوچان (بهار، ١٣٧٨، ج٢، ٢٢٦).

دوای شکستی سوپای قاجاری بەرامبەر سوپای ڕوس و ناڕەزایی میر ڕەزاقولی خان بەرامبەر ڕێککەوتننامەی تورکمانچای و تاوانبارکردنی عەباس میرزا لەو شکستە و تەنانەت داوای لابردنیشی لە پۆستی جێنشینی، بەتەواوی شازادەی نیگەران کردووە، لەهەمان کاتیشدا خودی فەتحعەلی شای قاجار بەتەواوی هەستی بە مەترسییەکانی بەهێزبوون و فراوانبوونی دەسەڵاتی میر ڕەزاقولی خان کردووە، هەربۆیە ویستوویەتی هەرجۆرێك بووە لاوازی بکات، لەبەرئەوە عەباس میرزا لە ساڵی (١٢٤٧ك/ ١٨٣١ز) بە هێزێکەوە ڕووی لە هەرێمی خوراسان کردووە، لەکاتی گەیشتنی سوپای قاجار بۆ ناوچەکە، میر زەعفەرانلو میرزا محەمەدڕەزای بە نوێنەری خۆی ناردووەتە لای عەباس میرزا و داوای کردووە کە میرزا ئەبولقاسم قایم مەقام ڕەوانەی قوچان بکات و دڵنیایی پێبدات کە سوپای عەباس میرزا مەترسی بۆ سەر

میرنشینەکەی دروست ناکات، عەباس میرزا، نوێنەری خۆی ڕەوانەی قوچان کردووە و دڵنیایی پێدەدەن کە ئەگەر سەردانی شازادە بکات و گوێڕایەڵی فەرمانەکانی ببێت، ئەوا پارێزراو دەبێت، بەڵام ڕەزاقولی خان سەردانی نەکردووە (اعتمادالسلطنه، ١٣٤٩، ١٢٣- ١٢٤)، چونکە دڵنیابووە لەوەی کە یەکێك لە ئامانجەکانی لەشکرکێشیی عەباس میرزا بۆ خوراسان، لاوازکردنی هێز و دەسەڵاتی میر و فەرماندە کوردەکانی خوراسان و لەوانە خودی ڕەزاقولی خانی زەعفەرانلو بووە (توحدی، ١٤٠١، ج١، ٣٣٨).

وەك نییەت پاکییەکیش، ڕزاقولی خان سوڵتان مەیدان و قەڵای (میانولایەت)ی چۆڵکردووە و بەرەو قوچانی پایتەخت پاشەکشەی کردووە. دوای گەیشتنی عەباس میرزا بە شاری مەشهەد، جگە لە ڕەزاقولی خان و دووان سیانێکی دیکە، زۆربەی فەرماندە و فەرمانڕەوا ناوچەییەکان و میرەکانی خوراسان، سەردانیان کردووە و گوێڕایەڵی خۆیانیان بۆ دەربڕیوە. نەهاتنی ڕەزاقولی خان، شازادەی نیگەران کردووە و بڕیاری لاوازکردنی میرنشینەکەی داوە (شاکری، ١٣٤٤، ٩٢- ٩٣).

ئەم پلانی هێرشە، ڕەزامەندی هەریەك لە ڕوسیا و بەریتانیای هەبووە، چونکە بە هۆی ڕێککەوتنی قاجاری و ڕوسی، عەباس میرزا نەیتوانیوە هێرش بکاتە سەر ناوچەکانی خیوە و خەوارزم. هەروەها بە هۆی نەیارێتی بەریتانیا و وەرگرتنی ١٠٠ هەزار تمەن لە لایەن عەباس میرزاوە لە بەریتانییەکان، نەیتوانیوە بە تەنها هێرش بکاتە سەر هیرات، هەر بۆیە ڕووی کردووەتە قوچان و هەوڵیداوە ڕەزاقولی خان سەرکوت بکات (توحدی، ١٤٠١، ج١، ٢٧٧- ٢٧٨)، بەڵام بەهۆی ئەوەی زستان و هەوا سارد بووە، سوپا لە باکووری شاری قوچانی کۆن و لەنێو دۆڵ و باخەکان و لەسەر گردەکان جێگیر کراووە و هێرشی دواخستووە بۆ کاتی خۆشبوونی هەوا (نظری، ١٣٩٤، ٢٧).

لە ڕاستیدا یەکێک لە هەڵەکانی ڕەزا قولی خان ئەوە بوو کە کاتێکی زۆری داوەتە عەباس میرزا و سەرەنجام توانی سوپایەکی زۆر لە تەواوی ئێران و ناوچەکانی ئازەربایجان و ئێرانەوە کۆبکاتەوە و هێرش بکاتە سەر قەڵا بەهێزەکانی میرنشینی زەعفەرانلو. هەروەها نەدەبوو ڕێگە بە سوپای عەباس میرزا بدات کە زستانی ساردی ناوچەکە تێپەڕێنێت و خۆی بگەیەنێتە بەهار، دەبوو لەهەمان ئەو زستانەدا ڕەزاقولی خان هێرشی بکردایە و لەو سەرماو کەش و هەوا ساردەدا سوپای قاجاری توانای بەرگریان نەبووە، چونکە لە لایەکەوە ئازوقەو پێداویستی جەنگیان کەم بووە، لەلایەکی دیکەوە ژمارەی سوپای عەباس میرزا کەم بوون و هێشتا سوپای لە ناوچەکانی دیکە و بە تایبەت سوپای ئازەربایجانەوە پێ نەگەیشتبوو.

کاتێک هەواڵی هێرشی عەباس میرزا گەیشتووەتە ڕەزاقولی خان، داوای لە دانیشتووانی قوچان کردووە کە لەنێو قەڵاکاندا بمێننەوە و حسەینقولی خانی کوڕیشی بە هەزار سوارە و تفەنگچییەوە بۆ قەڵای شیروان ناردووە. هەروەها نەجەفعەلی خانی شادلوش کە بە ڕواڵەت هاوکاری ڕەزاقولی خان بووە، جەعفەرقولی خانی کوڕی بە هەزار چەکدارەوە لە بجنوردەوە بۆ قوچان ناردووە و لەلایەن ڕەزاقولی خانەوە پاراستنی دەروازەکانی شاری پێسپێردراوە (تقدیسی، ١٤٠٠، ج١، ٩٣). سەرەڕای ئەوانەش، سەرجەم دانیشتووان، کاسبکاران و پیشەوەرانیش بەتەواوی خۆیان بۆ بەرگری لە شارەکەیان ئامادە کردووە. پیشەورەکان لە کاتی پاسەوانیدا سەرقاڵی کاری خۆیان بوون، شا ڕۆژێک بە دووربین سەیری قەڵا و پاسەوانەکانی کردووە و بینیویەتی پێستەدرووەکان پێستەکانیان لەبەر خۆر هەڵواسیوە و سەرقاڵی پێست دوورینی خۆیانن، تفەنگ و چەکەکانیشیان لە تەنیشتی خۆیانەوە بە دیوارەکەدا هەڵواسیوە، لەو کاتەدا فەتحعەلی شا بە سوپاکەی گوتووە کە ڕەزاقولی خان خەڵکی بە زۆر هێناوە بۆ ئەوەی پاسەوانی لە قەڵاکە بکەن و ئەوانیش هیچ کەمتەرخەمی ناکەن، بۆیە دەبێت بگەڕێینەوە و لە وەرزی بەهاردا دووبارە بگەڕێینەوە سەریان (نظری، ١٣٩٤، ٢٧؛ شاکری، ١٣٤٤، ٩٢).

سوپای عەباس میرزا لە ١٢ی موحەڕەمی ١٢٤٨ك لە شاری مەشهەدەوە بەرەو میرنشینی زەعفەرانلو بەڕێکەوتووە (اعتماد السلطنه، نسخه خطی، ج٢، ٣٦٠). خەسرەو میرزای کوڕی لە شوێنی خۆی لە شاری مەشهەد داناوە. دوای نزیکبوونەوەی لە ناوچەکە، لە مانگی سەفەری هەمان ساڵ هێرشی بۆ سەر شاری قوچان دەستپێکردووە (اعتمادالسلطنه، ١٣٤٩، ١٢٣–١٢٤؛ طاهری، ١٣٤٨، ٥٤). ڕەزاقولی خان لە قەڵای قوچان کە ١٠ بۆ ١٢ فەرسەخ لە قەڵای ئەمیرئاباد دوور بووە، بە ١٢ هەزار سەربازی سوارە و پیادەوە ئامادەی جەنگ بووە (تقدیسی، ١٤٠٠، ج١، ٩٦) و لە قەڵای ئەمیر ئابادەوە پلانی تۆکمەی بەرگری داناوە (میرنیا، ١٣٦٩، ١٢٣)، بەڵام سوپای قاجار لە هەموو لایەکەوە خۆی ئامادە کردووە و بە زیاتر لە ٨ هەزار جەنگاوەر بە پەنجا تۆپ و هاوانەوە، گەمارۆی قەڵای ئەمیرئابادیان داوە. بەهرام میرزای کوڕی و یوسف خانی تۆپچی باشی ڕاسپاردووە کە قەڵای ئەمیر ئاباد تۆپباران بکەن، تۆپبارانەکە بەشێوەیەك بووە کە وەك تەرزە بەسەر قەڵاکەدا باریوە. قەڵا نشینەکانیش بەرگرییەکی بەهێزیان کردووە و چەندین کەس لە سوپای قاجار و تەنانەت چەند ڕاوێژکارێکی بیانیش کوژراون. عەباس میرزا فەرمانی بەکارهێنانی چەکی قورس دەدات بۆ کونکردن و ڕوخاندنی دیوارەکانی قەڵاکە، لەهەمان کاتیشدا هێرشی سەربازی بو پڕکردنەوەی خەندەقەکانی دەوری قەڵا دەستپێکردووە (توحدی، بی تا، ٩٤).

یوسف خانی تەتار بە فەرمانی ڕەزاقولی خان و بە ٣٠٠ تفەنگچیی زەعفەرانلو، پاسەوانییان لە قەڵاکە کردووە. هەروەها لە ٨ی سەفەری ١٢٤٨ك عەباس میرزا فەرمان بە یوسف خانی گورجی فەرماندەی تۆپخانەی سوپاکەی کردووە کە لە هەر چوار لاوە قەڵای ئەمیرئاباد تۆپباران بکەن و هێرش بکەنە سەری. سەربازەکان ویستوویانە دیواری قەڵاکە کون بکەن، دوای کوژرانی یوسف خانی گورجی، عەباس میرزا هێرشەکانی توندتر کردووەتەوە، یوسف خانی تەتاریش دوای ئەوەی کە دڵنیا بووە سوپا هیچ بەزەیی بە دانیشتووانی قەڵاکە نایەتەوە، ناچار خۆی تەسلیم کردووە. دوای سەرکەوتنی عەباس میرزا، ٣٠٠ چەک، ٣٠٠ ئەسپ، پێنج خەروار بارووت، ٦٠٠ خەروار عەلەفی ئاژەڵ کەتووەتە دەست سوپای عەباس میرزا، دواتریش فەرمانی کردووە تەواوی قەڵاکە و بورجەکانی لەگەڵ خاک یەکسان بکرێت (توحدی، ١٤٠١، ج١، ٢٨١). گرتنی قەڵای ئەمیرئاباد، کردنەوەی بەهێزترین و سەرەکیترین دەرگای میرنشینی زەعفەرانلوو بەڕووی سوپای عباس میرزا بووە (اعتماد السلطنه، نسخه خطی، ج٢، ٣٦٠).

بەپێی گێڕانەوەی گەڕیدەکان، سەرەتای هێرشەکە تا دەستگیرکردنی میر ڕەزا قولی خان، زیاتر لە مانگێکی خایاندووە (بارنز، ١٣٧٣، ٦٤؛ طاهری، ١٣٤٨، ١٠٢). بەشێکی شارەکە کە بە کورد محەله ناسراوە، بەتەواوی وێران کراوە و دواتر بە قوچانی وێرانکراو ناوبراوە (اعتماد السلطنه، نسخه خطی، ج١، ١٤٩).

شیاوی باسە، سوپای عەباس میرزا لەلایەن ڕوسەکان و بەریتانییەکانەوە بەشێوەیەکی فراوان هاوکاری کراوە، چونکە هەردولایان نەیاری ڕەزاقولی خان بوون، ڕوسیا بەهۆی نەیاریی ڕەزا قولی بۆ ڕێکەوتننامەی تورکمانچای، هەوڵیداوە دەسەڵاتەکەی لاواز بکات و سوپای خۆی لە سنورەکانی باکوری خۆرهەڵاتی ئێران نزیك بکاتەوە. بەریتانیاش لای خۆیەوە پلانی جیاکردنەوەی ناوچەکانی قەندەهار و هیراتی لە ئێران هەبووە، بەهێزی و فراوانیی دەسەڵاتی ڕەزاقولی خانی بە لەمپەر لەبەردەم پلانەکەی زانیوە (توحدی، بی تا، ٩٢).

بەوهۆیەوە، بەریتانیەکان تەواو هاوکاریی عەباس میرزا دەکەن، ئەلیکس بارنز لە سەفەرنامەکەیدا بەڕوونی ئاماژەی بەوە کردووە کە ئەگەر ئەفسەران و ڕاوێژکارانی ئەورووپی نەبوونایە، سوپای عەباس میرزا نەیدەتوانی دەست بەسەر شاری قوچانی پایتەختی میرنشینی زەعفەرانلو بگرێت، دانی بەوەدا ناوە، سوپای قاجار بە هاوکاریی سوپا و ڕاوێژکارانی ئینگلیز، پۆڵۆنی، فەرەنسی و ڕوسی و بە بەکارهێنانی تۆپ و چەکی پێشکەوتوو توانیویانە قەڵای قوچان بڕوخێنن و داگیری بکەن (توحدی، بی تا، ٩٢). ئەمەش بەڕوونی لە بەڵگەنامەی ژمارە ١٤٩،

١٥٦ و ١٥٧ دەردەکەوێت کە بۆ کمبل نوێنەری بەریتانیا لە ئێران نێردراوە، لەڕاپۆرتەکاندا ئاماژە بە سەرکەوتن و ڕۆڵ و خزمەتەکانی مستەر بروسکی، مستەر شی، مستەر بیك و تەواوی سەربازان کردووە لەبەرامبەر هاوکاریيان بۆ هێرشکردنە سەر قەڵاکانی ئەمیرئاباد، قوچان، سوڵتان مەیدان و سەرەخس، هەروەها ئاماژەشی بەوە کردووە کە ئەم ڕاوێژکارانە بەردەوام لە سەنگەرەکاندا ئامادە بوون (میرزا صالح، ١٣٦٥، ج٢، ١٤٣، ١٥١، ١٥٢).

لەهەمان کاتیشدا، سەرباری ئەوەی سوپای عەباس میرزا خاوەنی ٣٥ تۆپ و ژمارەیەك تۆپچی تەواو شارەزا و لێهاتوو بووە، لەلایەن کاپتن لیندسی (**Captain lindsay**) کە لەوکاتەدا ناسرابوو بە هنری بیتهون (**Si Henry Bethune**)ی ئەفسەری بەریتانی ڕێکخراون و سەرپەرشتی کراون، ژمارەی هاوکاران و ڕاوێژکارانی بیانیی عەباس میرزا بەرادەیەك زۆر بووە، بارنزی ئەفسەری بەریتانیی کە گەشتووەتە ناوچەکە، نووسیەتی: "زانیم کە لە نێو کۆمەڵێك ئەوروپیدام"، هەروەها ئەنجومەنێکی باڵای سەربازیی و ڕاوێژکاریی ئەورووپی کە پێکهاتبوون لە باروسکی (**Mr. Barowski**)، بیك (**Mr. Beek**) و جەنەراڵ شی، لەگەڵ خودی شازادەدا بوون، هەربۆیە پێی وایە کە شکست لەبەرامبەر هێزێکی خاوەن سەرباز و چەك و جبەخانە کە لەلایەن وڵاتانی دیکەشەوە پشتیوانیی و هاوکاری کرابێت، بۆ ڕەزاقولی خان مایەی نەنگی و شەرم نییە (بارنز، ١٣٧٣، ٦٥- ٦٦).

ئەمە لەکاتێکدا بووە کە بەشێك لە کوردەکانیش بەتەواوی هاوکاری سوپای قاجار بوون، یەکێك لەوانە ڕەوشەن خانی ئێلبەگی هۆزی میلانلوی زەعفەرانلو فەرمانڕەوای ئەسفەراین و ئامۆزای ڕەزاقولی خان بووە (توحدی، ١٣٧٤، ١٣٣- ١٣٤). هەروەها میرانی میرنشینی کوردی شادلو، لەگەڵ ئەوەی کە پەیوەندییەکی سیاسی و خزمایەتی نزیکیان لەگەڵ میر ڕەزاقولی خان هەبووە و لەسەرەتاوە بەڵێنی هاوپەیمانیی و پێکەوەبوونیان بە یەکتری دابوو، بەڵام لەکاتی هێرشی سوپای قاجار بۆ میرنشنین زەعفەرانلو، نەجەفعەلی خان پەیوەندیی بە سوپای قاجارەوە کردووە (بامداد، ١٣٧١، ج٤، ٣٢٩).

ئەم هەڵوێستەی نەجەفعەلی خان، لەنێو سەرزەنشتکردن و پاساو هێنانەوەدا، بووەتە جێگای مشتومڕی توێژەرانی کوردی خوراسان، کەلیموڵای تەوەحودی ڕەخنەی توند لەو هەڵوێستەی نەجەفعەلی خان گرتووە و بە شێوەیەك لە شێوەکان بە ناپاکی و خنجەرلەپشتەوەدان باسی کردووە، بەڵام یووسف موتەوەلی حەقیقی پێی وایە کە سەرکەوتنی سوپای عەباس میرزا شتێکی چاوەڕوان کراوبووە، بۆیە ئەم هەڵوێستەی نەجەفعەلی خان بە هەڵوێستێکی ئاسایی و ڕێگەچارەیەکی دیبلۆماسی وێنا کردووە کە توانیوەتی میرنشینی شادلو و شاری بجنوردی

پایتەختی لە هێرش و وێرانکاریەکانی، خەڵکەکەی لە کوشتن، سامان و ئاژەڵەکانیشیان لە تاڵانی لەلایەن سوپای قاروەوە بپارێزێت (تقدیسی، ١٤٠٠، ج١، ٦٧). لەڕاستیدا دەگونجێت هەردوو بۆچوونەکە تا رادەیەك ڕاستییان تێدابێت، یەکەمیان هەستی سۆزی نەتەوەیی بەسەریدا زاڵە و دووەمیشیان لۆژیك و بەرژەوەندیی تایبەتیی هۆز و خێڵ، بەڵام دەکرێت قوڵتر لەبابەتەکە بڕوانرێت، پێمان وایە پشتیوانی نەکردنی میری شادلو لە میری زەعفەرانلو، لە ناکۆکی ناوخۆیی نێوان کوردەکانی خوراسانەوە سەرچاوەی گرتووە، چونکە کوردەکان دابەشبوون بەسەر چەند میرنشین و دەسەڵاتێکی نێوچەییدا و لەسەر بنەمای هۆز و دەسەڵاتی خێڵ و بنەماڵەیی بنیاتنراون، هەربۆیە نەیانتوانیوە پێکەوە یەکبگرن و ببنە خاوەن هێزێکی یەکگرتووی یەك هەڵوێست. لەبەرئەوە شتێکی چاوەڕوانکراوە لەکاتی مەترسیدا، پاراستنی بەرژەوەندی خێڵ و بنەماڵەیی بکرێتە بنەمای هەڵوێست وەرگرتن کە ئامانج تیایدا پاراستنی بەرژوەندییە تایبەتەیەکانی هۆز و خێل و بنەماڵەیە، نەك بەرژەوەندی گشتی و نەتەوەیی، بۆیە پیمان وایە ناکۆکی ناوخۆیی و پاراستنی بەرژەوەندییە تایبەتەکانی هۆز و بنەماڵەی شادلو، هۆکاری سەرەکی بووە بۆ پشتیوانی نەکردنی میر نەجەفعەلی شادلو لە میر ڕەزاقولی خانی زەعفەرانلو، دوریش نییە ئەگەر هەمان ڕووداو بەسەر میرنشینی شادلو بهاتایە، میرنشینی زەعفەرانلوش هەمان هەڵوێستی ببوایە.

سەرەنجام دوای نزیکەی دوو مانگ لە جەنگ، تەواوی شاری قوچان لەلایەن عەباس میرزاوە وێران و داگیر کراوە و ڕەزا قولی خانی دەستگیر کردووە، هەرچەندە بە ڕواڵەت سام خان کوڕی وەک میری میرنشینی زەعفەرانلو دیاری کراوە، بەڵام لە ڕاستیدا ناوچەکە بە حکومەتی سەربازی ئیدارە دڕواە و لە دەستی حکومەتی قاجاریدا بووە (توحدی، ١٣٧٤، ١٣٢؛ روحانی ١٣٨٢، ج٣، ٤٧٨). دواتر گوازراوەتەوە بۆ مەشهەد و لەوێ زیندانی کراوە (اعتماد السلطنه، نسخه خطی، ج٢، ٣٦٠؛ رحمتی، ١٣٩٦، ج٢، ص ١٧). عەباس میرزا فەرمانی کردووە بەوپەڕی ڕێزەوە و بە شێوەیەکی گونجاو مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، هەرچەندە بە بیانووی حەمام کردن و خۆشۆردنەوە لە گەرماوی میعمار باشی مەشهەد، هەوڵی هەڵهاتنی داوە، بەڵام دواتر دەستگیر کراوەتەوە (بامداد، ١٣٧١، ج٢، ٢٧؛ شاکری، ١٣٤٤، ٩٣– ٩٤).

بەپێی گێڕانەوەکانی بارنز، بەهۆی ئەوەی قوچان قەڵایەکی زۆر بەهێز بووە و گرتنی مژدەیەکی گەورە بووە بۆ دەسەڵاتداریتی قاجار، بۆیە هەواڵی گرتنی ئەو قەڵایە لە مەشهەد بە شێوەیەکی فراوان دەنگی داوەتەوە و خۆشحاڵییەکی زۆری لەنێو شاردا بڵاو کردووەتەوە و سێ شەو بە دوای یەکدا شارەکەیان چراخانی کردووە (بارنز، ١٣٧٣، ٦٢– ٦٦). لە ساڵی

١٢٤٩ك ڕەزاقولی خان گوێزراوەتەوە بۆ تاران (تقديسى، ١٤٠٠، ج١، ١٠٩) و بەپێی پەتی و هەڵواسینی چەند کیسەیەك خۆڵ و چەند بەردێك بە بەرۆکیانەوە، بە پیادە و بەنێو خەڵك و لەنێو تاراندا گێڕاویانن (توحدى، بى تا، ٩٧)، دیارە ئەمەش وەك سزایەك و لە هەمان کاتیشدا چاوترسێنی کەسانی دیکە بووە کە ئەگەر ملکەچی فەرمانەکانی شای قاجار نەبن، ئەوە چارەنووسیان دەبێت. لە ڕۆژی ١٦ی ژوئن ١٨٣٣ز/ ٢٧ی محەرەمی ١٢٤٩ك سەرجەم دەستگیرکراوەکان براونەتە لای فەتحعەلی شای قاجار، سەرباری ئەوەی لێخۆشبوونی لە سزای سێدارەدان بۆ دەرکردوون، بەڵام هەریەکەیان سزایەکی نوێی بەسەردا سەپێنراوە (تقديسى، ١٤٠٠، ج١، ١١٠).

پاش ماوەیەك میر ڕەزاقولی خانی زەعفەرانلو گوازراونەتەوە بۆ تەبرێز، ڕەزاقولی خان لەڕێگە و لە شاری میانج (میانە) کۆچی دوایی کردووە (شاكرى، ١٣٤٤، ٩٥) و تەرمەکەی گەڕێنراوەتەوە بۆ خوراسان و لە شاری مەشهەد لە گۆڕستانی بنەماڵەکەیدا لای مەرقەدی ئیمام ڕەزا، بەخاك سپێردراوە (روحانى ١٣٨٢، ج٣، ٤٧٨؛ بامداد، ١٣٧١، ج٢، ٢٨).

لەکاتی گواستنەوەی تەرمی ڕەزاقولی خان لە شاری قوچانەوە بۆ شاری مەشهەد، ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکانی ناوچەکە و کوردانی خوراسان لەگەڵ تەرمەکەیدا ڕۆشتوون بۆ مەشهەد و بەشدارییان لە مەراسیمی بەخاك سپاردنی کردووە و هەموو پێکەوە سەر و سنگیان کوتاوە بەقوڕپێوانەوە ئەم هۆنراوەیویان گوتووەتەوە:

ئیلخانی هات، ئیلخانی هات- ژە سەفەرێ تولانی هات- شیرە میرێ قووچانی هات- ئیلخانیو، ئیلخانیو. تو هاتی وە میڤانی- زیندە برن، مردە هانین- ژە سر ریا خا هلانین- داغ لە دلی کورمینج دانین- ئیلخانیو، ئیلخانیو. تو هاتی وە میڤانیو- وەلات، وەلات تە گەراندن- مەیتی تە سا مەرا شاندن- دل، دەماغی مە شەوتاندن- ئیلخانیو، ئیلخانیو. تو هاتی وە میڤانیو- دەستە، دەستە قەجەر هاتن- مینا قەر تالان داکەتن- دورە لە قوچانی گرتن- ئیلخانیو، ئیلخانیو (توحدى، ١٤٠١، ج١، ٣٣٣- ٣٣٤).

بەشێوەیەکی گشتی کەلیموڵا تەوەحودی نووسەر و مێژونووسی دیاری کوردی خوراسان، دیارترین هۆکارەکانی شکستی ڕەزاقولی خان ی بەم شێوەیە دیاری کردووە:

ئەلف/ ئامادە نەبوونی تەواویی ڕەزاقولی خان لە ڕوی پێداویستی سەربازی بۆ دەستپێکی جەنگ.

ب/ دوودڵی و ڕاڕایی ڕەزاقولی خان لە سەرەتای جەنگەکەدا.

ج/ هاوكاری و بوونی ئەفسەران، سەربازان و ڕاوێژكارانی ڕووس و ئەورووپی لە سوپای عەباس میرزا.

د/ خیانەتكردنی هەندێک لە سەرانی خوراسان لە ڕەزا قولی خان.

ه/ شوێنی جوگرافیایی شاری قوچان كە دەشتاییە و بە ئاسانی لەژێر قەرەوڵی تۆپهاوێژەكاندا بووە.

و/ دواخستن و دواكەوتنی ڕەزاقولی خان لە هەڵگیرساندن و دەستپێكردنی جەنگ، ئەمەش كاتێكی گونجاوی داوەتە عەباس میرزا كە سوپای پێویست لە ناوچەكانی دیكەی خوراسان و تەنانەت تاران و ئازەربایجانیشەوە بۆ هێرشكردنە سەر شاری قوچان كۆبكاتەوە (توحدی، ١۴٠١، ج١، ٢٨٧).

ز/ بوونی ژمارەی زۆری دانیشتووانی قوچان كە بەهۆی هێرش و تۆپبارانەكانەوە زۆریان كوژراون و بارودۆخیان خراپ بووە، ئەمەش ڕەزاقولی خانی ناچار كردووە لە پێناو ڕێگری كردن لەكوشتاری زیاتری دانیشتووان، خۆی بەدەستەوە بدات (توحدی، بی تا، ٩۶).

بەڵام تەنانەت دوای شكستی ڕەزاقولی خان، عەباس میرزا بەهۆی پێگە، ڕۆڵ و كاریگەری میرنشینەكە لە ڕووبەڕووبوونەوەی هێرشی بەردەوامی توركمانەكان، نایەوێت كۆتایی بەدەسەڵاتی میرنشینی زەعفەرانلو بهێنێت، بەڵكو سام خانی كوڕی ڕەزا قولی خان وەك میری نوێ بە نازناوی (شوجاع دەولە) دیاری كردووە تا بتوانێت كاروباری ناوچەكە بەڕێوە ببات و پەیوەندی لەگەڵ قاجاریەكان باش بێت و لەهەمان كاتیشدا گوێڕایەڵی فەرمانەكانی حكومەتی قاجاری و والی خوراسان ببێت (بهار، ١٣٧٨، ج٢، ٢٢۶).

**دەرەنجام:**


١– هەرێمی خوراسان یەكێك بووە لەویلایەتە گرنگ و كاریگەرەكان لە سەردەمی دەوڵەتی قاجاری و چەندین نەتەوەی جیاوازی لێ نیشتەجێ بووە، كورد یەكێك بووە لەو نەتەوانە كە لە چەند قۆناغێكی جیاوازی مێژوییدا ڕاگوێزراون و كۆچیان كردووە بۆ ئەو هەرێمە و چەند ناوچەیەكی خۆبەڕێوەبەریان لە شێوەی میرنشین بۆخۆیان دامەزراندووە. میرنشینی زەعفەرانلو بەیەكێك لەو میرنشینە كوردییانەی هەرێمی خوراسان دادەنرێت كە لەلایەن هۆزی زەعفەرانلو و بەشێوەی پشتاوپشت فەرمانڕەوایی سنوری میرنشینەكەیان كردووە.

٢- میر ڕەزاقولی خان یەکێك بووە لە میرە بەهێزەکانی میرنشینی زەعفەرانلو و هەر لەیەردەمی میر ئەمیرگونە خانی باوکیەوە فەرماندەیی سوپای میرنشینەکەی کردووە و فەرمانڕەوایی ناوچەیەکی میرنشینەکشی لەئەستۆ بووە.

٣- وەك هەر سیستەمێکی دیکەی پشتاوپشت، ناکۆکی و ململانێ لەسەر دەسەڵات و شوینگرتنەوەی میری کۆچکردووە لە نێوان بنەماڵەی میر ڕویداوە. هەندێك جاریش ئەو ناکۆکییە لەنێوان کوڕ و باوکدا بوونی هەبووە، میر ڕەزا قولی خان یەکێ بووە لەو میرانەی کە میر ئەمیرگونە خانی باوکی دەستگیر کردووە بۆ وەرگرتنی پۆستی میرایەتیش، لەگەڵ کەسانی دیکەی نێو بنەماڵەکەیدا، ناکۆکی توندی هەبووە.

٤- میر نشینی زەعفەرانلو لەسەردەمی میر ڕەزاقولی خاندا، خاوەنی هێز و سنووریکی فراوان بووە و تەنانەت کاریگەری ڕۆڵی لە دانانی والی خوراسان هەبووە، ئەم بەهێزییەی مینشینەکەش، ترس و دڵەڕاوکێی لەلای والییەکانی خوراسان و خودی فەتحعەلی شای قاجاریش دروست کردووە، هەربۆیە بەردەوام هەوڵی لاوازکردنی میرنشینەکەیان داوە تا سەرنجام هێرشیان کردووەتە سەری و میر ڕەزاقولی خانیان دەستگیر کردووە و کۆتاییان بە دەسەڵاتەکەی هێناوە و سامخانی کوڕیان لەشوێنی داناوە.

پاشكۆی ژماره یەك: شەجەرەنامەی میرانی بنەماڵەی میرنشینی زەعفەرانلو لە سەردەمی قاجار
وەرگیراوە لە: تقدیسی، ١٤٠٠، ١٤١.




**لیستی سەرچاوەكان:**

**یەكەم: دەستنووسەكان:**

١. اعتماد السلطنه، محمد حسن خان صنیع الدوله (١٣٠١، ١٣٠٢، ١٣٠٣)، مطلع الشمس، انتشارات سازمان انتشارات و آموزش انقلاب اسلامی، جلد ١– ٣، شركت افست، نسخه خطی، كتابخانه دانشگاه تهران، سالهای ١٣٠١، ١٣٠٢، ١٣٠٣ قمری.

٢. حكیم، محمد تقی خان (١٣٠٥)، گج دانش، نسخه خطی، تهران.

**دووەم: كتێب:**

٣. اسدی فر، سعید (١٣٩۶)، سرزمین کرمانج ها، انتشترات سفیر اردهال، چاپ دوم، تهران.
۴. اسکندری نیا، ابراهیم (١٣۶۶)، ساختار سازمان ایلات و شیوه معیشت عشایر آذربایجان غربی، انتشارات انزلی، چاپخانه دیبا، چاپ اول، ارومیه.
۵. اعتمادالسلطنه، محمدحسن خان (١٣۴٩)، صدرالتواریخ شرح حال صدر اعظم های پادشاهان قاجار از حاج ابراهیم کلانتر تا میرزا علی اصغرخان امین السلطان، به اهتمام محمد مشیری، سازمان انتشارات وحید، چاپخانه وحید، تهران.
۶. بارنز، ستوان آلکس (١٣٧٣)، سفرنامه بارنز سفر به ایران در عهد فتحعلی شاه قاجار، ترجمه حسن سلطانی فر، مؤسسه و انتشارات آستان قدس رضوی، چاپ دوم، مشهد.
٧. بامداد، مهدی (١٣٧١)، شرح حال رجال ایران در قرن ١٢ و ١٣ و ١۴ هجری، انتشارات زوار، جلد ١ – ۶، چاپ گلشن، چاپ چهاریم. تهران.
٨. بهار، ملک الشعراء (١٣٨٧)، تاریخ مختصر احزاب سیاسی در ایران و انقراض قاجاریه، انتشارات زوار، چاپ اول، چاپ خاشع، جلد اول، تهران.
٩. تقدیسی، حجی محمد (١۴٠٠)، حاکمان قوچان رضاقلی خان ایلخانی زعفرانلو، انتشارات بیژن یورد، جلد اول، چاپ اول، بجنورد، .
١٠. توحدی، کلیم الله (١٣٧۴)، اسفراین دیروز و امروز، انتشارات واقفی، چاپ و صحافی شرکت چاپ مشهد، چاپ اول، مشهد.
١١. توحدی، کلیم الله (١٣٩۴)، حرکت تاریخی کرد به خراسان در دفاع از استقلال ایران از صفوی تا پهلوی، جلد دوم، چاپ دانشگاه فردوسی، مشهد.
١٢. توحدی، کلیم الله (١۴٠١)، حرکت تاریخی کرد به خراسان در دفاع از استقال ایران از صفوی تا پهلوی (با تجدید نظر و اسناد و مدارك بیشتر)، جلد اول، نشر مؤلف، چاپ چهارم، مشهد.
١٣. رحمتی، علی (١٣٩٦)، بررسی شناخت ایلات و طوایف کرد در خراسان، ج٢، انتشارات بیژن یورد، بجنورد.
١۴. روحانی، بابا مردوخ (شیوا) (١٣٨٢)، تاریخ مشاهیر کرد و کردستان امرا و خاندانها، به کوشش محمد ماجد مردوخ روحانی، انتشارات سروش، بخش دوم، جلد سوم، چاپ دوم، تهران.
١۵. شاکری، رمضانعلی (١٣٤٤)، اترکنامه تاریخ جامع قوچان، به کوشش منوچهر ستوده، بنگاه ترجمه، تهران.
١۶. طاهرزاده، عبدالله: عشایر کرد شمال خراسان ( قوچان)، انتشارات خلیلیان، چاپ اول، تهران، ١٣٨٣.
١٧. طاهری، ابوالقاسم (١٣۴٨)، جغرافیای تاریخی خراسان از نظر جهانگردان، انتشارات شورای مرکزی جشن شاهنشاهی ایران.

١٨. مروى، محمد كاظم (١٣٦٤)، عالم آراى نادرى، به تصحيح محمد امين رياحى، جلد ١–٣، چاپخانه نقش جهان، انتشارات كتابفروشى زوار، چاپ اول، بى جا.

١٩. منتخب الملك، محمد قلى نورى (١٣٩٧)، كنزالمسافر فى بيان حدود الشماليه الخراسان، سفرنامه محمد قلی‌نورى منتخب الملك به خراسان، تصحيح، على كريميان، انتشارات كتاب صارم، چاپ اول، تهران.

٢٠. ميرزا صالح، غلامحسين (١٣٦٥). اسناد رسمى در روابط سياسى ايران با روس و انگليس و عثمانى، نشر تاريخ ايران ٣٨ (شركت سهامى خاص)، جلد دوم، چاپ اول، چاپ نقش جهان، تهران.

٢١. ميرنيا، سيد على (١٣٦٩)، ايل‌ها و طايفه‌هاى عشايرى خراسان و نقش سياسى روساى ايل‌هاى بزرگ در امور كشور روابط آنها با حكومت‌ها و استعمارگران، انتشارات موسسه انتشارات و آموزشى نسل دانش، چاپخانه شمشاد، چاپ اول، تهران.

٢٢. هاشم صادقى باجگيران (١٣٨٨)، مرزداران دامنه كيسمار روايتى از كردهاى شمال خراسان، چاپ و انتشارات دانشگاه فردوسى، نشر واسع، چاپ اول، مشهد.

٢٣. هروى، محمد يوسف رياضى (١٣٧٢)، عين الوقايع مجموعه اسناد و مدارك تاريخى دوران قاجار، به اهتمام محمد آصف فكرت، انتشارات و آموزش انقلاب اسلامى (شركت سهامى)، چاپ سهند، چاپ اول، تهران.

٢٤. يوسف زاده، آمنه (١٣٨٨)، رامشگران شمال خراسان بخشى و ريرتواراو، ترجمه، على رضا منافـزاده، انتشارات موسسه فرهنگى و هنرى ماهور، چاپ موسسه عالى آموزش و پژوهشى مدديريت و برنامه‌ريزى، چاپ اول، تهران.

**سێیەم: گۆڤار و بڵاوکراوەکان:**

٢٥. ترقى اوغاز، حسنعلى (١٣٧٩)، پيشينه پژوهشهاى زبان شناختى درباره گويش كرمانجى خراسانى، خراسان پژوهى: فصلنامه مركز خراسان شناسى آستان قدس رضوى، موسسه چاپ و انتشارات آستان قدس رضوى، شماره ۶ پياپى، شماره ٢ سال سوم، مشهد.

٢٦. توحدى، كليم الله (بى تا)، از تركمانچاى تا فيروزه (انتشار متن كامل كتاب چاپ نشده)، مجله قوچان شناسى ٣، ويژه‌نامه شماره ٣٠٣ نشيريه اترك، نشريه سياسى، فرهنگى، اجتماعى و اقتصادى اترك، خراسان‌هاى رضوى، شمالى و جنوبى.

٢٧. رحمتى، على (٢٠٢٤)، تحليلى بر جغرافياى كردستان خراسان و ولايات كردنشين از عصر صفويه تا پايان قاجار، مجله ڤەكۆلین چەندا کوردی، بڵاوکراوە ناوەندی چاپەمەنی نەوبەهار، چاپخانەی مەتەکسان، چاپی یەکەم، چانکایا– ئەنکەرە.

٢٨. شاهين فر، حسين (١٣٧٠)، طوايف كرد زعفرانلو حافظ شريعت اسلام در مرزهاى غربى و شرقى ايران، ذخاير انقلاب: فصلنامه عشايرى، علمى و فرهنگى، انتشارات سازمان امور عشاير ايران، چاپ دريا، شماره ١٧.

٢٩. قصابيان، محمد رضا (١٣٨٩)، بررسى شورش حسينقلى خان زعفرانلو در قوچان به انضمام بازخوانى گزارش حسام السلطنه ١٢٨١ق، پژوهشنامه تاريخ، سال پنجم، شماره ١٩.

٣٠. موسى الرضا نظرى (دى ماه ١٣٩٤)، آستوئن اشكانى يا ولايت خبوشان، فصلنامه اترك قوچان، ويژه‌نامه تخصصى قوچان شناسى، شماره ١ پيا پى، سال اول، شماره ١، انتشارات خبوشان، قوچان.

List of sources:

First: Manuscripts:

1. Etimad al-Sultanah, Mohammad Hassan Khan Sane' al-Dawlah (1301, 1302, 1303), Mutla' al-Shams, Islamic Revolution Publishing and Education Organization, Volumes 1-3, Afst Company, Manuscript, Tehran University Library, 1301, 1302, 1303 lunar.

2. Hakim, Mohammad Taqi Khan (1305), Gaj Danesh, Khati copy, Tehran.

Second: Book:

3. Asdifar, Saeed (2017), Sarzmin Kurmanj Ha, Ardaal Ambassador Publication, Second Edition, Tehran.

4. Iskandar Nia, Ibrahim (1987), Structure of Provincial Organization and Lifestyle of Tribes of West Azerbaijan, Anzli Publishing House, Diba Printing House, First Edition, Urmia.

5. Atmadal Sultana, Mohammad Hassan Khan (1349), A History of the Great Qajar Kings from Haj Ibrahim Kalantar to Mirza Ali Asghar Khan Amin Sultan, with the attention of Mohammad Moshiri, Publishing House Wahid, Wahid Printing House, Tehran.

6. Barnes, Colonel Alex (1994), Barnes' Journey to Iran in the Treaty of Fatah Ali Shah Qajar, translated by Hassan Soltanifar, Razvi Province Foundation and Publishing House, second edition, Mashhad.

7. Bamdad, Mahdi (1992), Sharh Hal Rajal Iran Dar Qarn 12, 13 and 14 Hijri, Zwar Publishing House, Volumes 1-6, Gulshan Printing House, Fourth Edition. Tehran.

8. Bahar, Malik al-Sha'ra' (2008), Brief History of Political Parties in Iran and Qajarian Publications, Zwar Publishing House, First Edition, Khashe' Chapter, Volume One, Tehran.

9. Taqdisi, Haji Mohammad (1400), Hakman Quchan Razaqli Khan Ilkhani Zafranloo, Bijan Yord Publishing House, Volume 1, First Edition, Bojnurd,

10. Tawhdi, Kalim Allah (1995), Asfrain Diroz and Emroz, Waqfi Publishing House, Mashhad Printing and Publishing Company, First Printing, Mashhad.

11. Tohdi, Kalim Allah (2015), The Historical Movement of Khorasan in Defense of Iran's Independence from Safavid to Pahlavi, Volume 2, Ferdowsi University, Mashhad.
12. Tohdi, Kalim Allah (1401), The Historical Movement of Khorasan in Defense of Iran's Independence from Safavid to Pahlavi (with more revised views, documents and materials), Vol.
13. Rahmati, Ali (2017), Survey of Identification of Kurdish Provinces and Tribes in Khorasan, Vol. 2, Bijan Yord Publishing House, Bojnurd.
14. Rouhani, Baba Mardukh (Shiva) (2003), Tarikh Mashahir Kurd u Kurdistan Amra u Khandanha, Mohammad Majid Mardukh Rouhani, Sarush Publishing House, Volume 2, Volume 2, Tehran.
15. Shakri, Ramazan Ali (1344), Atraknameh Tarikh Jami Quchan, Koshsh Manouchehr Studa, Bangaeh Tarjmeh, Tehran.
16. Taherzadeh, Abdullah: Kurdish Tribes of North Khorasan (Quchan), Khalilian Publishing House, First Edition, Tehran,
17. Taheri, Abul Qasim (1348), Historical Geography of Khorasan from the Perspective of Jahangardan, Iranian Imperial Celebration Central Council Publications.
18. Marvi, Mohammad Kazem (1985), Alam Arai Nadri, corrected by Mohammad Amin Riahi, vols.
19. Mantakhb al-Malik, Mohammad Qali Nuri (2018), Travelers' travels in the northern borders of Khorasan, travelogue of Mohammad Qali Nuri, Mantakhab al-Malik to Khorasan, edited by Ali Karimian, Sarm Book Publishing House, first edition, Tehran.
20. Mirza Saleh, Ghulam Hussein (1365). Official Documents on Iran's Political Relations with Russia, Britain and the Ottoman Empire, Iran History 38 (Private Joint Stock Company), Volume 2, First Edition, Naqsh Jahan Publishing House, Tehran.
21. Mirnia, Seyed Ali (1980), Tribes and Tribes of Khorasan and the Political Role of Russian Large Tribes in Country Affairs, Their Relationship with Governments and Colonials, Shamshad Printing House, First Printing House, Tehran.
22. Hashim Sadeghi Bajgiran (2009), Marzdaran Damne Kismar Narrative from Kurds of North Khorasan, Ferdowsi University Publishing House, Wide Publishing House, First Edition, Mashhad.
23. Harvi, Mohammad Yousef Riazi (1993), Ain al-Waqa'i, Collection of Historical Documents and Materials of the Qajar Period, with the attention of Mohammad Asif Fikrt, Islamic Revolution Publishing and Education (Shahami Company), Sandh, First Edition, Tehran.
24. Yousefzadeh, Amina (2009), Ramshgaran North Khorasan Bakhshi and Reporter, translated by Ali Reza Manafzadeh, Mahor Cultural and Art Institute Publishing House, Higher Education and Research Institute of Management and Programming, ed Owl, Tehran.

Third: Magazines and publications:

25. Tarqi Oghaz, Hassan Ali (1990), Previous Research of Language and Identity on Khorasan Kurdish, Khorasan Research: Volume of Khorasan Science Center of Astan Quds Razvi, Publishing House of Astan Quds Razvi, No. 6, Vol 2 years Sum, Mashhad.

26. Tawhdi, Kalim Allah (Bi Ta), Az Turkmanchay Ta Firouza (Full Text Publication Unpublished), Quchan Science Magazine 3, Special Issue No. 303, Turkish Political, Cultural, Social and Economic Publishing House, Khorasan Ridwi, Northern and Southern.

27. Rahmati, Ali (2024), Analysis of the Geography of Kurdistan, Khorasan and Kurdish Provinces from the Safavid Age to the End of the Qajar Period, Kurdish Research Magazine, Published by Nawbahar Press, Mateksan Printing House, 1st Edition, Çankaya-Ankara.

28. Shahinfar, Hussein (1991), Tawaif Kurd Zafranlu Keeper of Islamic Sharia at Western and Eastern Borders of Iran, Zakhair Inqlab: Tribal, Scientific and Cultural Journal, Iranian Tribal Affairs Organization Publications, No 17.

29. Qasabian, Mohammad Reza (2010), Review of the Hosseinqli Khan Zafranloo Revolution in Quchan as part of the Sultanate's Hossam Sultanate Revolution in 1281 AH, History Research, Year 5, No.

30. Musa al-Reza Nazari (May 2015), Ashkani Column of Khabushan Province, Chapter of Quchan Leaving, Quchan Specialty, No. 1, Year 1, No. 1, Khabushan Publishing House, Quchan.